# خوێندنەوەی ڕوخسارو ڕەهەندە جیاوازەکانی گوتاری شیعریی لە تێکستی (ئێوارەی پایز)ی هێمنی موکریانیدا

د. سەرکەوت عمر ابراهیم م. لەنجە عبدالرحمن غریب
زانکۆی ڕاپەڕین
فاکەڵتی پەروەردە
بەشی زمانی کوردی

پوختەی توێژینەوەکە:-
تێکستی شیعریی (ئێوارەی پایز)ی مامۆستا "هێمنی موکریانی" تێکستێکە جیاواز لە تێکستە شیعرییەکانی دیکەی شاعیر، لەبەر ئەوەی هەم لە ڕووی ڕوخسار و هەم لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێوەیەکی جیاوازتر هۆنراوەتەوە. ئەم جیاوازییەش تێکستە شیعرییەکەی گرێدراوی چەندین ڕەهەندی جیاواز کردووە، تەنانەت لێک ئالاّن و ئاوێتەبوونی چەند ڕەهەندێك لەو ڕەهەندە شیعرییانە لە یەك چوارین و کۆپلەی شیعرییدا وای کردووە لە ڕووی خولقاندنی فۆرمی شیعریشەوە شێوەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت و سەرئەنجام تێکستەکە شیعرییەکە ناسنامەیەکی جیاکەرەوەی وای هەبێت، کە جێگەی بایەخ و بێت و شایستەی ئەوە بێت، کە توێژینەوەیەکی لەم چەشنەی لەبارەوە ئەنجام بدرێت. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی گرت و هەوڵی داوە هەموو ئەم ڕەهەندە جیاوازانە ڕاڤە بکات، کە لە پێکهاتە و ناواخنی هەر یەکێك لە کۆپلە شیعرییەکان و تێکڕایی تێکستەکەدا ئامادەییان هەیە.

**پێشـــەکـــی :**

.....هێمنی موکریانی لە نێو دنیای شیعری کوردیدا ئەو شاعیرە دیارو ناسراوەیە، کە توانیویەتی خۆی لە زۆر بابەت و مەبەستی شیعریدا تاقیبکاتەوە بە جۆریك، کە شیعری ئەو شاعیرە بە خەسڵەتی تێکەڵبوونی مەبەستەکانی شیعریی دەناسرێتەوە، هەر وەك ئەوەی لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا مەبەستی نیشتیمانی و دڵداری ئاوێتەو ئاوێزانی یەکتر کراون، یان مەبەستی ئەڤین و دڵداری تێکەڵ بە جوانی سروشت کراون. یەکێك لەو شیعرە دیارانەی شاعیر شیعری (ئێوارەی پایز) ە، کە لە نێو دنیای شیعری کوردیدا بەگشتی و ئەو جۆرە شیعرانەی لە بارەی وەسفکردنی سروشت نووسراون بە شیعرێکی جیاواز دادەنرێت، چونکە تێکڕایی شیعرەکە گرێدان و بەیەکەو بەستنی سروش و ئەڤین و باسکردنی چینایەتی و گرفتی نامۆیی وچەند بابەتیکی ترە، کە بەیەکەوە واتاو مەبەستی تێکستە شیعرییەکە تەواو دەکەن. هەروەك هێمن خۆی لە ژمارە (١٧٢)ی ڕۆژنامەی کوردستاندا و لە دەقی نامەیەکدا کە بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی ناردووە دەڵێت: (( دیتنی دیمەنێکی جوانی تەبیعی، لەنجەو لاری کیژێك، سەیری هەڵپەڕین و ڕەشبەڵەك، تەماشای گوڵ و شینکە، تیشکی مانگ، گزینگی هەتاو، گوێ لێ بونی ئاهەنگی مۆسیقا، قاسپەی کەو، وریگەی بولبول بۆ من، ئیلهام بەخش بوون. هەروەها فرمێسکی ژنی زك سووتاو، کوڕووزەی هەتیوی بی باب، فیزی دەوڵەمەند، ناڵەی هەژار، هەستی منیان دەهێنا جۆشەوە. بە کورتی بە هەموو شتی جوان و دزێوی ئەو جیهانە موتەئەسیر دەبووم و ئەو تەئەثورە بوو هانی ئەدام هەستی خۆم دەربڕم و شیعر بڵێم )) (محەمەد حەمە باقی: ٢٠١٣: ٤٥٢).

بەسەرنجدان لەو لێکۆڵینەوە ئەکادیمیانەی لە بارەی شیعرەکانی هێمنی موکریانی کراون و ئەو کتێب و وتارانەش کە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان نووسراون تێبینی ئەوەمان کرد، کە ئەم تێکستە شیعرییە لای لێ نەکراوەتەوە تەنیا ئەوە نەبێ کە تاك و تەرا لە هەندێك شوێندا کۆپلەیەك یان باشترە بڵێین: ئاماژە بە یەکێك لە چوارینەکانی کراوە و تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تێرو تەسەلی لەبارەوە ئەنجام نەدراوە، لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لە بارەی ڕووخسارو ناوەڕۆکی ئەم تێکستە شیعرییە بە ناونیشانی (خوێندنەوەی ڕوخسارو ڕەهەندە جیاوازەکانی گوتاری شیعری لە تێکستی ئێوارەی پایزی هێمنی موکریانی)دا ئەنجام بدەین.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووەو، لە بەشی یەکەمیدا باسمان لە ڕێبازی شیعرەکەو زمان و کێش و سەرواو تەکنیکی گێڕانەوەکەی گوتاری تێکستە شیعرییەکە کردووەو، لەبەشی دووەمیشدا باسمان لە ڕەهەندی ناونیشان و، ڕەهەندی سروشتی پایز و، ڕەهەندی چینایەتی و، ڕەهەندی عەشق و ئەڤین و ڕەهەندی سایکۆلۆژییەتی تێکستە شیعرییەکە کردووە. بەو هیوایەی هەوڵ و ماندووبوونەکەمان لە ئاست بەرزی تێکستی (ئێوارەی پایز)دا بووبێت.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوەیە- ڕێبازی (وەسفی - شیکاری)یە، کە شیکاریمان بۆ هەندێك لە چوارینەکانی تێکستە شیعرییەکە کردووە و دواتر هەوڵمانداوە وەسفی ئەو ڕەهەندە جیاوازانە بکەین، کە تێکستە شیعریەکە لە خۆی گرتوون.

**گرینگی توێژینەوەکە:**

گرینگی ئەو لێکۆڵنەوەیەمان لەوەدا بینییوەتەوە کە وەرزی (پایز) ئەگەر ڕەهەندێکی فیزیکی بەرجەستەی هەبێت، ئەوا لە نێو جیهانبینی نووسەران و شاعیرانیشدا بایەخی تایبەتی خۆی هەبووەو لە پشتی زەردهەڵگەڕانی وەرزی پایزدا سووژەی گەیاندنی زۆر ڕەهەندی دیکەی پێ بەخشراوە. لە ئێوارەی پایزی هێمنی موکریانیشدا شاعیر لە ڕێگەی باسکردن لە وەرزی پایزەوە لە زۆر ڕەهەندی جیاوازو گرینگی تایبەت بە مرۆڤایەتی دواوە، وەك ڕەهەندی سروشت و پێکهاتە جیاوازەکانی و، دیاردەی چینایەتی وسەرمایەداری و چەمکی نامۆیی بوون و، عەشق و ئەڤین و، بارودۆخی سایکۆلۆژی و، شێوازی گێڕانەوەو دەربڕین و گوزارشتکردن...تاد.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی تیشك خستنەسەر هەردوو دیوی ڕوخسارو ناوەڕۆکی ئەم تێکستە شیعرییە و ڕاڤەی ئەو ڕەهەندە جیاوازانەی لە خۆ گرتووە، کە شاعیر بە سەلیقەی شیعریی خۆی لە نێو پانتایی تێکستە شیعرییەکەیدا لە بارەیانەوە دواوە و شیکاری ئەو ئەرکە ڕەوشتی و ئەدەبییە دەکات کە لە پشتی (ئێوارەی پایز)دا و لە ڕەهەندە جیاوازییەکانییدا ڕەنگیداوەتەوە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە چوارینەکانی تێکستی (ئێوارەی پایز)ی لەخۆ گرتووە و لە دیوی دەرەوەی تێکستە شیعرییەکەو ڕەهەندە جیاوازەکانی دیوی ناوەوەی تێکستە شیعرییە کە دواوە.

**بەشی یەکەم:**

**ڕوخساری تێکستی شیعریی ئێوارەی پایز**

**باسی یەکەم: ڕێبازی شیعریی**

هێمن لە ئێوارەی پایزدا دوالیزمیەتێکی ڕێبازی شیعریی بە تێکستە شیعرییەکەی بەخشیوە، ئەویش بە نووسینی ئەو تێکستە شیعرییە لە ژێر سایەی بنەماکانی هەردوو ڕێبازی ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم بەجۆرێك کە، بنەماکانی ئەو دوو ڕێبازە شیعرییە بە تابلۆکانی ئەو دەقە شیعرییەوە دیارن، لەبەرئەوە خوێنەر لە خوێندنەوەی تێکستە شیعرییەکەدا هەست بەوە دەکات کە هێمن لە ئەنجامی تێکشکانی بنەماکانی ڕۆمانسیزمەوە یە شۆڕشێکی شیعری بەرپا کردووە و خۆی دەگەیەنێتە کەنارەکانی ڕیالیزم و بەمەش لە نەخشاندنی وێنە شیعرییەکاندا بنەماکانی هەردوو ڕێبازی شیعریی دەبینرێن ((ڕەنگە بەتێڕادیوی بگوترێ کە هێمن دەگەڵ ئەوەدا کە چوار چێوەی فکری و لەڕوانگەی شیعریی لە سەرتەختایی ریالیزم دامەزراوە و دەتوانین بڵێین بە تێکڕایی لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕواو دەبزوێ و هەناسە لێ دەدا، بەڵام لە زۆر شێوازی دەربڕین و لایەنی دیکەش کەڵك وەردەگرێ...تایبەتمەندی و شازییەکی کە ئەو ریالیزمە- لانیکەم سەبارەت بە هێمن- هەیەتی ئەوەیە کە لە لایەکەوە دەگەڵ ماکە گەلی ڕیبازی سروشت خوازی (ناچرالیزم) تەواو تێکەڵاوی هەیەو، لە لایەکی دیکەشەوە بە هێندێك لایەنی ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕانە و جوانناسی ڕۆمانتیکییانە دەبەسترێتەوە)) (

ئەحمەد محەمەد قادر: ٢٠٠٩: ٢٣٧). ئەم خەسڵەتە لە نووسین هەر لە ئێوارەی پایزدا نابینرێت بەڵکو لە بارگەی یارانیشدا خۆی دەنوێنێ (( نموونەی بەرچاو بۆ نیشاندانی ئەو دوو ڕەگەزە شیعرییەی لەسەرەوە باسکرا، یەکیان پارچە هۆنراوەی ئێوارەی پایزە کە پڕە لە خەیاڵی وردو دەربڕینی ئیمێرسیۆنیستی و، ئەوی دیکەشیان شیعری بارگەی یارانە)) (ئەحمەد محەمەد قادر: ٢٠٠٩: ٢٤٢).

واتا هێمن لە سەرنجدان لە دیاردەکانی سروشت بەرەو ئاوێتەکردنی بنەماکانی ڕێبازە جیاوازەکانی نووسینی شیعر هەنگاوی ناوەو بە تایبەتیش لە گرێدانی هەستی ڕۆمانتیکیانەو واقیع بینییەوە زۆر جار وێنەیەکی سروشت خوازی خولقاندووە ((هێمن لە شیعرەکانیدا لەسەر کێشی شیعری کلاسیکدا مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەم باس دەکا، واتە نێوەڕۆکێکی ڕیئالیستییانەیان پێ دەبەخشێ. دەتوانین نیوەڕکی ڕۆمانتیکانە لە شیعرەکانی دا بدۆزینەوەو بەشێکیان نیوەڕۆکی ناتۆرالیستیانەشیان هەیە)) (عوسمان دەشتی: ٢٠٠٩: ٢٠١٢). ئەم شێوازە لە داهێنانی دەقدا خەسڵەتی ئەو جۆرە شاعیرانەیە کە هەمیشە وابەستەی جۆرە ئیلهامێکی شیعرین کە خاوەن جیهانبینیەکی واقیعین و لە لایەکی تریشەوە هەمیشە سروشت دەکەنە سەرچاوەی شیعریی خۆیان.

(ریالیزمی ئەدەبی وێنەکێشانی داهێنەرانەی مرۆڤ و سروشتە لە سیفەت و بارودۆخ و کارلێکردنیاندا، وێرای بایەخدان بە شتی لاوەکی و سەرەکی و ژیانی رۆژانەی کەسەکان و شتەکانی دەوروبەر، هەرچەندە دووبارەبوونەوەشی تێدا بێت، گرنگ ئەوەیە راستگۆیی هونەری تێدا بێت بەمە نووسەر دەبێتە هونەرمەندێکی داهێنەر) (عبدالرزاق الاصفر:١٩٩٩:١٠٠). چونکە دواجار شاعیر وەك تاکێکی هەست ناسکی کۆمەڵگە لە هەوڵی گەیاندنی ئەو پەیامە شیعرییەدایە، کە لە ڕوئیای ئەودا لە دەروازەیەوە دەتوانێت ئەرك و ئیلتیزامی شاعیرانەی خۆی تێدا بەرجەستە بکات ((ئەو ژینگەیەی کە شاعیری تێدا دەژی، ئەو ڕیالیتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسەی کە تێیدا فیکری شاعیر گەشەی کردووە، ئەو فاکتەرە سەرەکیانەن کە جگە لە حاڵەتە دەرونیەکانی ناوەوەی شاعیر، بڕیاردەدەن لە دروستکردنی وتاری شیعری، یان بە واتایەکی تر لە داڕشتنی پەیامی شیعریدا)) (کۆمەڵێك نووسەر: ٢٠٠٤، ٢١٦). ئەم دیدگایەش بۆ شیعر وا دەکات کاریگەری شیعر بەجۆرێك بێت کە ئاستی وەڵامدانەوەی خوێنەر و پانتایی وەرگرتن لە ئاستێکی فراواندا خۆی بنوێنێ و شیعری هێمنیش لەو ڕوانگەیەوە بەو چەشنە خۆی وێنا کردووە.

(یاقووب خزری) لە بارەی شیعری هێمنەوە لەم ڕونگەیەوە دەڵێت: ((هەریەك لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە پێی هەڵ و مەرجی کۆمەڵایەتی و بازنەی ئەزموونە ڕەوانی و زێهنییەکانی ڕابردووی خۆی شیعری (هێمن) تەفسیر دەکاتەوە. هەر شیعرێکیش بەو جۆرە خۆی بگەیەنێتە نێو بیرو ئەندێشەو ڕەوانی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگا ئەوا شاعیرەکەی گەورەترین ڕەوانناسە)) (یاقووب خزری: ١٣٨٩: ٢١).

ئەم توانستە لە نووسینی شیعر لە نێو دنیای شیعری هێمندا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە بە جۆرێك کە لە بەشێکی زۆری شیعری ئەودا دەسەڵاتی دەربڕینی گوتاری شیعری لە ڕووی ڕێبازەوە ئاوێتەکردنەو، هاوتەریبیش لەگەڵ ئەوەدا لە ناوەڕۆکدا گوزارشتکردنە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ناخی تاکی کورد ((هەر بۆیە هێمن لەو دەگمەن شاعیرانەیە کە بەشێوەیەکی زۆر گونجاو و مەنتیقی توانیویەتی یەکێتی شکڵ فۆڕم/ ڕواڵەت و کاکڵە نێوەڕۆك/ لە تەواوی بەرهەمەکانیدا بپارێزێ و، تەنانەت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان( سیاسەت، نەداری، نەخوێندەواری و زۆرداری...) وەها دەگەڵ دیاردە ڕۆحی و دەروونییەکان (عیشق و خۆشەویستی، هیومانزم،

مەرگ و ژیان...) ئاوێتە بکا کە هەر بەر دەنگ و خوێنەرەوەیەك تام و چێژی تایبەت بە خۆیانی لی وەربگرن)) (ئەحمەد محەمەد قادر: ٢٠٠٩: ٢٤١).

بۆیە دەتوانین بڵێین: ئێوارەی پایز لە بەرجەستەکردنی ڕێبازی شیعریدا سەرەتایەکی ڕۆمانتیکی سروشت خوازانەی وێنە گرتووە و لەوێوە بەرەو گواستنەوەی واقیع و گوزارشتکردنێکی ڕیالیستیانە هەنگاوی ناوە بە جۆرێك کە تێکڕایی گوتاری تێکستە شیعرییەکە هاوتەریب بەو خەسڵەتی تێکەڵکردن - ئاوێتەکردنە کراوە و مۆڕالێکی تایبەتی بەشیعر خوڵقاندووە، کە دواجار توانیویەتی هەم بەرجەستەی ڕێبازی ڕۆمانتیکی بێت و هەم ڕێبازی سروشتخوازی لە خۆیدا بهێڵێتەوە و هەم وێنەگرتنێکی ڕاستەقینەی خودی ئەو واقیعەش بێت، کە هێمنی شاعیر لە نێو پەیامی تێکستە شیعرییەکەیدا دەیگێڕێتەوە بەمەش شوناسێکی تایبەت و جیاوازی شیعری بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

**باسی دووەم: زمانـــی شیعریی**

دەوڵەمەندی فەرهەنگی زمانی شیعریی دەلالەتی توانستی دەربڕین و گوزارشتکردن و خەیاڵ فراوانی شاعیر دەردەخات؛ بەو ئەندازەیەی کە ئاستی چێژ بەخشین و مانەوەی دەقەکەش بەوەوە بەندە (( شیعر بەردەوام زمانی تایبەتی خۆی هەیە، سروشاوی و ئاڵۆزە، توانای وروژاندنی هەیە، لە وێژدانێکی قوڵەوە سەرهەڵدەدات)) (طاهر احمد مکي: ١٩٨٠: ٧٦). جوانناسی تێکست و دروستکردنی وێنە شیعرییەکانیش هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە (( زمانی شیعر زمانی وێنەکێشانی چڕو خەیاڵی تیژی بنیات نەرە)) (عبدالقادر الرباعی: ١٩٩٩: ١١٠).

ستراکچەری زمانی شیعری لە دنیای شیعری هێمندا زمان شکێنی یەو کارکردێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی هیومانیستیانەیە؛ بەجۆرێك ئەم خەسڵەتە لە بنیاتی زمانی شیعری هێمندا تەواو چەسپاو و جێگیرە و دەرخەری ئەو دیوە جوانناسیەیە، کە بە ڕوخساری شیعری هێمنەوە دیارن. ئەم زمانە فرە ڕەهەندە لە تێکستی (ئێوارەی پایز)دا زۆر جیاوازترە لە هەندێك لە شیعرەکانی دیکەی شاعیر((زمانی هێمن لە شیعری ئێوارەی پاییزدا بە نیسبەت بەرهەمەکانی دیکەی جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. وشە لە شیعری ئێوارەی پاییزی هێمن دا مانای جیاوازترە و بە نیسبەت ئەو سەردەمەی کە <<ناڵەی جودایی>> دەنووسرێ، کارکردی نائاسایی پێدراوە. هەر بۆیە لە نێو بەرهەمە بە نرخەکانی هێمن دا، ئەو بەرهەمە و لە نێو ئەوانیش دا ئێوارەی پاییز جیاوازە)) (**سمایل عەزەمی**: ١٣٨٩: ٢٢). هێمن لە ئێوارەی پایزدا هێندەی بەدوای بەدیهێنانی چەند ئامانجێك و گواستنەوەیانە بۆ خوێنەر هێندە مەبەستی دەربڕین نییە؛ چونکە (( زمانی شیعر ئەوەندەی زمانی بەدیهێنانە، هێندە زمانی دەربڕین نییە)) ( محمد العبد حمود: ١٩٦٦: ١٧٠). واتا: وشەکان کەرەستەو ئامرازی خەیاڵی ئەون و، بەهۆیەوە لە ڕێگەی چۆنیەتی دارشتن و ڕێکخستنیانەوە دەتوانێت هەمان ئەو ئەزموون و هەستەی کە خۆی پێیدا تێپەڕیوە بیگوازێتەوە بۆ خوێنەری ئێوارەی پایز و هەمان بارو دۆخ و سیمای وەرزی پایز دروست بکات ئەمەش لە ڕێگەی بارگاوی کردنی واتایی وشەکان و گواستنەوەیان بۆ هزری خوێنەر، کە ئەمەش نرخ پێدانە بە وشە (( نرخی وشە نە لە سادەییاندایە، نە لە شکۆیان، بەڵکو لە وێنە و بیرۆکەو ڕەنگ و تیشك دانەوەیاندایە)) (طاهر احمد مکي: ١٩٨٠: ٨٠). شاعیری داهێنەرو بەتوانا وشەو زاراوەکان بە شێوەیەك بەکاردەهێنێت کەلە مانا فەرهەنگییەکەی دووردەکەونەوەو ئاستی مانا باوەکەی جێدەهێڵێ و چەندین مانای قوڵ و شاراوە و کاریگەر

دەبەخشن و لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی جۆراو جۆریش لە خۆ دەگرن (( زمانی شیعر زمانێکی تایبەتەو لە ئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە دروست دەبێت، بۆ دۆزینەوەی مانای نوێ و دوورکەوتنەوە بەپێی تواناو دەسەڵاتی شیعریی شاعیر لە شێوازی دەربڕینی ڕاستەوخۆو گەیاندنی مانا فەرهەنگییە ڕووتەکان)) (پەرێز سابیر: ٢٠٠٦: ٢٨٧) فەرهەنگی زمانی شیعرەکەی هێمن فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە بە جۆرێك کە بـــــووەتە هۆی ئەوەی دەرفەت لە بەردەم شاعیـــردا والاّ بکـــات تا بە ئارەزووی خۆی باس لە وەرزی پایزو چەنـــــدین دیاردەی دیکە بکات. ئەم باسکردنەش لە ئەنجامی توانەوەی وشەیە لە نێو خەیاڵدا و دواجاریش خۆی بووەتەوە بە بەرهەمهێنەری زمانی تێکستەکە هەروەك دەڵێت: (خەیاڵم ببوو بە وشە). ((هەندێ دەستەواژەو بیروبۆچوون و مەبەست لە دەقی شیعریدا بەرهەم دێن لە ژێر کاریگەری خەیاڵدا دەخولقێن)) (شنۆ محەمەد محموود: ٢٠٠٧: ١٨٣). ((بۆیە پێویستی بەوە هەیە کە ئەو دۆخە تێپەڕێنێت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ زمانی داهێنەرانەی تاکەکەس یان شاعیر، کە بنیاتی تازەو گونجاو ئەداتە وشەو دەلالەتی نوێی پێ دەبەخشێت لە ڕێگەی پێوەندییەکانەوە، واتە لە نێوان هەردوو دۆخی فەرهەنگی و داهێنەرانەی وشەدا ئەرکی وەرچەرخان و لادان پێك دێت و شیعرییەت و دەلالەتی نوێ ئەداتە بنیاتی دەربڕینی زمان و وێنە شیعرییەکان)) (عەبدولقادر محەمەد ئەمین: ٢٠٠٢: ٣٥).

داڕشتنەوەی زمان و گوزارشتکردن لە دیاردەکانی کۆمەڵگە پێویستی بە گەیاندنی زمانە کە لە فۆرمێکی تازەترو نوێتر دەربڕێن تا بتوانێ کاریگەری خۆی بنوێنێ؛ لەبەر ئەوەیە کە هێمن ناچار بووە ئەم جۆرە زمانە بۆ (ئێوارەی پایز) بەرهەم بهێنێت ((جوانی زمانیش لە شێوازە ئەدەبییەکەیدا دەگاتە لوتکەی بەرزو کار دەکاتە سەر هەست و سۆزی مرۆڤ)) (محەمەد کەمال: ٢٠٠٥: ١٧).

(سمایل عەزەمی) لە بارەی زمانی ئەم شیعرەوە دەڵێت: (( هێمن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ناتوانێ بەو شێوەیە درێژە بە نووسین بدا کە پێشتر لە تاریك و ڕوون دا نووسیویە. ساڵانی تەنیایی و دووری و ئاوارەییش کار دەکەنە سەر وشیاریی شاعیر تا وەکوو شیعرێك بخولقێنێ کە هەم لە باری ڕەواڵەت (فۆرم)ەوە جیاوازبێ، هەم هەڵگری دونیایەکی تا ڕادەیەك جیاواز بێ. دونیای مرۆڤی کورد وەك تاکێك لە کۆمەڵگا، تاکی کورد بە هەموو ئـاوات و دڵـەڕاوکێ و خـەم و تـەنیایی یەکانـەوە. هـەروەها ئیمـاژ (تـابلۆ نەخشـاندن) و ئیجـاز(کورت نووسین)(brevity) بە شێوەیەکی نوێ لە شیعرەکەی دا ڕەنگ بداتەوە. ئەو تابلۆیانەی کە لە شیعری ئێوارەی پاییزدا دەنەخشێنرێن زەینی(subjective)ترن، لە هەمان کاتیش دا هەر کامەیان مانای سەربەخۆیان هەیە)) (**سمایل عەزەمی: ١٣٨٩: ٢٣**). زمان بۆ ئەوەی شیعرییەت ببەخشێ دەبێ لە دۆخی سروشتی و فەرهەنگی خۆی بچێتە دەرەوەو بگوازرێتەوە بۆ دۆخی بەکاربردن و دەلالەتە فەرهەنگییەکانی ئاوێتەی یەکتر بێت و واتا دەلالیەکانی پەخش بکات، چونکە ((کاتێ زمان کامێرایەکی بێئەرزش بێ و هەر هەمان وێنەکانی ڕیالیتە، بەبێ هیچ ئارایشتێکی هونەری و بێ ئەوەی جوانکاریەکی چێژ بەخشانە بگرێ، ئەوسا لە نرخی هونەری شیعرەکە کەم دەکاتەوەو خوێنەریش لە دووبارە بینینەوەی ئەو دیمەنە وەڕز دەکات، بەڵام کامێرای وردبینی زمان دەتوانێ وا لەو وێنەیە بکات کە پێت وابێ بۆ یەکەم جارە دەیبینی)) (کۆمەڵێك نووسەر: ٢٠٠٤: ٢١٦).

دەوڵەمەندی زمانی هێمنیش لە وێنەگرتنی دیمەنەکان لە ئاستێکی بەرزدایە ئەمەش وایکردووە کە هێمن دەربەستی باسکردنی هەموو ئەو ڕەهەندانە بێ کە درکی پێکردوون و سەرئەنجام وێنەکانی ئێوارەی پایز ئەو

ڕاستییە دەردەخەن کە ((مەیدانی وشە لە شیعری مامۆستا هێمن دا زۆر دەوڵەمەندە. کە ئەوەش زۆر گرینگە بۆ دەسەڵاتی شاعیر بە سەر زمان دا. هەروەها تەرکیبی تازەش لە ناو شیعرەکانی دا زۆرن، کە ئەوانیش هەم قووەت بە کەلامەکە دەبەخشن و هەم دەبنە دەسمایە بۆ داهاتویان. هەروەها ڕستەکانیش بێ گرێ و گۆڵن، ماناکان ڕەوانن و تێگەیشتنیان ئاسانە و پێویستییان بە شەرح و لێدوان نییە)) ( هێمن لە نێو ئەدەبدا: ٢٠٠٩: ١٤١). ئەمەش دەلالەتی زماناسی و توانستی بەکارهێنانی زمان دەگەیەنێت لە خوڵقاندنی شیعردا.

**باسی سێیەم: کێشـــی شیعریی**

کێش ڕەگەزێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعر، یەکێکە لە بنەماکانی جیاکردنەوەی دەقی شیعری لە پەخشان و ڕێکخستنی وشەکانە لە فۆرمێکی ئیقاعیدا بەجۆرێك؛ کە دەبێتە هۆی پێکەوە گونجانی وشەکان لە نەسەقێکی هارمۆنیدا؛ بەمەش خەسڵەتی شیعرییەت بوون بە دەق دەدات ((کێش وەك پێکهاتەیەکی شیعری و هۆیەکی بنەڕەتی بە درێژایی مێژوو لەگەڵ شیعردا هاتووەو ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە بەرجەستەبوونی ئەزموونی شیعر لە دەقدا. کە وەك مەرجێك و ڕەگەزێکی شیعر تا ئێستاش گرنگی خۆی هەیە لە دەقدا بۆ شیعرییەت بوون))(عەبدولقادر محەمەد ئەمین: ٢٠٠٢: ٣٧).

هیمن لە ئێوارەی پایزدا وێنە شیعرییەکانی بە کێشی خۆماڵی و بە پێی هەشت بڕگەیی هۆنیوەتەوە، دیارە ئەم کێشە شیعرییەش ئاوازێکی سووك و ڕەوان ئیحا دەکات و لە خوێندنەوەدا هەرزوو کاریگەری لەسەر هەستی خوێنەر دروست دەکات ((لە کێشی ژمارەییدا حیساب تەنیا بۆ ژمارەی بڕگەکانی دێرە شیعرو دابەشبوونیان بەسەر پێدا دەکرێ. گوێ بە جۆری بڕگە (کورتی و درێژی) و چۆنیەتی ریزبوونیان نادا. ئەمە کێشی ڕەسەنی کوردییە. هەموو شیعری میللی کوردی بەم جۆرە کێشە گوتراوە. هەروەها نزیکەی هەموو شیعری زاری گۆران بەم جۆرە کێشە نووسراوە. جگە لە زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکە شیعرییە باوەکانی کوردەواری و چیرۆکە ئاینییەکان)) (عەزیز گەردی: ٢٠١٤: ٢٣٩).

ئەم دەقە شیعرییەش لە ڕووی شێوەو قالبی شیعرییەوە لە شێوەی چوارینە و بە تێکڕایی لە (٣٩) بەند پێکهاتووە و ئەگەرچی تێکڕایی بەندەکان بەسەر یەکەوە وێنە هونەرییەکەی تێکستە شیعرییەکە تەواو دەکەن، بەڵام هەر بەندێك یان چوارینێکیش بۆ خۆی و بە تەنیا تەواو مانادارەو دەکرێ وەك هەر چوارینەیەکی شیعریی سەربەخۆ بخوێندرێتەوە ((ئێوارەی پایز: قەسیدەیەکی درێژە لە ٣٩چوارین پێکهاتووە)) (مارف خەزنەدار: ٢٠١٠: ٤٦٣)، بەڵام کاتێك کە هەموو چوارینەکان دەخەینەوە سەریەك ئەوکات تێدەگەین کە هەموو وێنە تاکەکان چ ڕۆڵێك دەگێڕن لە وێنەی گشتی تێکستەکەدا.

لە/ ئا/سۆ/یە/کی/ دوو/ڕە/ دەست
ئا/وا/بـــوو/ زەر/دەی/ پا/یی/زی
دەت/گووت/بوو/کێ/کی/ بێ/نا/زە
پەر/دە/ جێ/ دێ/ڵێ/ بـــە/زی/زی   (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٢٧)

ئەمەش وایکردووە شیعری ئێوارەی پایز خاوەن ئاوازێکی سووك و لەبار بێت بە جۆرێك خوێنەر بە ئاسانی و دوور لەبارگرانی لەگەڵ شیعرەکەدا هەنگاو بنێ؛ چونکە (( هێمنی مهابادی، کە خودان سە لیقەیەکی شیعری بەپێزە بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی وشەو مامەڵەکردن لەگەڵ ترپەو ئیقاعی کێشی شیعرەکان، بەجۆرێك وشەی لە خزمەتی سەداو نەغمە موزیکییەکەی شیعر داناوە کاتێ کە بیسەر یا خوێنەر شیعرەکانی دەبیسێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ میلۆدی و ئاوازی شیعرەکە ئاوێزانی یەکتر دەبن ئەمەش لە پای ئەوەی کە مام هێمن زۆر لێهاتووانە و شارەزایانە ڕەفتاری لەگەڵ وشەو کێشی شیعرەکانی کردووە)) ( تاریق سالح: ٢٠١١: ٢٠٣).

وشەکانی نێو ئێوارەی پایز بە جۆرێك لەگەڵ ڕەهەندە جیاوازەکانی دەقەکەدا گونجاون کە سەداو دەنگدانەوەکەی لە بۆتەی ئەو کێشەدا دەردەکەون کە هێمن بۆ هۆنینەوەی تێکستە شیعرییەکەی هەڵیبژاردووە. ئەمەش نەغمەی وشەکانی بەجۆرێك بەیەکەو گرێداوە کە پێگەی وشەکان دیاری بکەن (( ئەمانە جگە لەوەی هەوڵی داوە وشەی ڕەسەنی کوردی پاراوی ناو فۆلکلۆر و کەلەپوری نەتەوەکەی خۆی بەکاربهێنی. ئەو وشانە کە بە زمانێکی زۆر سادەو ساکار، بەلام بە کوردییەکی پاراوو پاك ماونەتەوە، ئەم هاتووە بە بالای هۆنراوەدا هونیویەتەوە، بەجۆرێك کە تێکستی شیعرەکانی بوونەتە تابلۆیەکی تەژی لە نەغمەو موزیك و سەدای جوانی و ئەفراندن و وێنەی جولاو بۆ هەردوو باری ئاسۆیی و ستوونی)) ( تاریق سالح: ٢٠١١: ٢٠٣-٢٠٤). هارمۆنیای ئەم تێکستە شیعرییەش لە بەکارهێنان و گونجانی ئەو کێشە هەڵبژێردراوەدا سەرچاوەی گرتووە.

**باسی چوارەم: سەروای شیعریی**

هاوکات لەگەڵ کێشدا سەروا وەك ڕەگەزێکی جیاکەرەوەی شیعر ڕۆڵی لە پێکهاتەی شیعردا دیارەو ئاوازی دەرەوەی شیعر پێکدێنێ بە جۆرێك، کە هەم شیعری کلاسیکی و هەم شیعری نوێش بۆ بەرجەستە بوونی شیعرییەت و هارمۆنیای شیعریی سەروایان کردۆتە ڕەگەزێکی پێکهاتەی ڕوخساری خۆیان ((شاعیران هەر لە کۆنەوە گرنگیەکی زۆریان داوە بەکێش و سەروا لە بنیاتنانی هەڵبەستەکانیاندا وەك دوو ڕەگەزی سەرەکی شیعر مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە...ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە بنیاتنانی دانەی ئاوازەیی هەمەڕەنگدا)) (شنۆ محمەد محموود: ٢٠٠٧: ١٢٩).

سەروا ڕەگەزێکی بنەڕەتی شیعرە و ئاوازی دەرەوەی شیعر پێکدەهێنێت و دەبێتە تەواوکاری ئەو ئاوازە شیعرییەی، کە لە ڕێگەی کێشەوە دروست دەبێت(( وەك ئاشکرایە، کێش بەیەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر دادەنرێت، کە ڕۆڵی هەبێت لە بنیاتنانی ئاوازی دەرەوەیدا، بەلام لە پاڵ ئەم ڕەگەزەدا رەگەزێکی تر هەیە بەشدارە لە بنیاتنانی ئەو ئاوازەدا ئەویش سەروایە)) (پەخشان عەلی:٢٠٠٩: ٩٤).

بنیاتی پێکهاتەی شیعریی لە (ئێوارەی پایز))دا لەسەر بنەمای چوارین ڕۆنراوە (( چوارینە پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایەو مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ وەکو سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفەو مەی و مەیخانەو پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر... زۆر جاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووەو، هەر چوارینەیەکی بیرێکی بچووك دەگەیەنێ لە چوارچێوەی بیری گشتی و سەرەکی هەمووو هۆنراوەکەدا. ئەمەیان بەچوار خشتەکی ناوبراوە)) (عەزیز گەردی: ١٩٩٩: ٢٠٤). هێمنی موکریانیش پێکهاتەی شیعریی (ئێوارەی پایز)ی بەم شێوەیە داڕشتووە، کە لەسەر بنەمای

چوارینەی شیعرییەو هەر چوارینەیەك بیرێکی بچوك لە خۆی دەگرێت و دەكرێ وەك هەر چوارینەیەكی سەربەخۆ بخوێندرێتەوە، لەلایەكی دیكەوە بە هێنانەوەی هەموو چوارینەكان بەدوای یەكتریدا لە چوارچێوەی بیرە گشتییەكەیدا هەموو چوارینەكان بەسەریەكەوە گوتاری تێكستە شیعرییەكە وێنا دەكەن و كۆی هەموو ئەو رەهەندە جیاوازانە نیشاندەدات كە هێمن دەیەوێت لەبارەیانە بدوێ. سەروای هەموو چوارینەكان لە دەقەكەدا جیاوازن و هەر چوارینەیەك خاوەن سەروای تایبەتی خۆیەتی؛ بەجۆرێك كە سەروای لەتی دووەم و چوارەم وەكو یەك لە هەر كۆپلەیەكدا دووبارە بوونەتەوە، بەلأم سەروای لەتەكانی یەكەم و سێیەم جیاوازن لە سەراپای دەقەكەدا. لە بارەی ئەم جۆرە سەروایە عەزیز گەردی دەڵێت: ((وادەبێ لە چوارینەیەكدا تەنیا لەتی (٢، ٤) هاوسەروابن، لەتی (١،٣) هیچ پەیوەندی سەرواییان نەبێ، نە لە نێو خۆیانداو نە لەگەڵ لەتەكانی چوارینەكانی تری چوار خشتەكییەكە (ئەگەر لە چوار خشتەكی دابوو) ئەم جۆرە سیستەمە سەروایە لە ئینگلیزیدا هەیە، بەلأم زۆر باو نییە)) (عەزیز گەردی: ١٩٩٨: ٢١٣). سروشتی ئێوارەی پایزیش وایخواستووە هێمن هەمان شێوە لە سەروا بەكاربهێنێت لە دارشتنی تێكرایی چوارینەكاندا.

پەڵە هەورێــكی چڵكـنە   X

گرتی سووچـێكی ئاسـمان   B

گەلأی زەردی دارێك وەری   Y

زریان بردی بەرەو نەمـان   B   (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٢٧)

**باسی پێنجەم: گێڕانەوەی گوتاری شیعریی**

گێڕانەوەی گوتاری شیعریی تێكستی ئێوارەی پایز تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە لە گێڕانەوەی تێكستە شیعرییەكانی دیكەی هێمنی موكریانی و گێڕانەوەیەكی سەرانسەری نییە، واتا گێڕەرەوەی سەرەكی كە خودی شاعیرە سەراسەری گێڕانەوەی گوتارە شیعرییەكە ناگرێتە ئەستۆی خۆی ((دەقی نوێ زیاتر گرنگی بەچەشنە گێڕانەوەیەكی ئاسایی نادات كە خودی دەقنووس بێت وەك تاكێكی هەقایەتخوان سەرجەم دیمەن و رووداوەكانی نێو پانتایی دەق بە چەشنە گێڕانەوەیەكی ساكارو سادە بگێڕێتەوە، بەڵكو خودی دەقنووس لە نێو دەقی مۆدێرندا لە رێگەی چەند رەموزو گێڕانەوەیەكی ئاڵۆز، سەرجەم دیمەن و رووداوەكان وا دادەرێژێت كە جاری وا هەیە پشت بە بەكاربردنی ئەفسانەیی و سیحری دەبەستێت لە ساتی دەربڕین و وێنەكێشانی دیمەنەكان، بە زمانێكی رەمزئامێزو سیحراوی رووداوەكان دەگێڕێتەوە)) (ستاری پیرداود: ٢٠١٠: ١٥١)، لە ئێوارەی پایزیشدا پشت بە تەكنیكی گێڕانەوەی سەرانسەری نەبەستراوە؛ بەڵكو بەشێكی زۆری گێڕانەوەی گوتارەكە لە فەزای تێكستە شیعرییەكەدا لەسەر زاری كەسێكی دیكە كە وەك هاوخەمی شاعیر دەردەكەوێت دەگێڕدریتەوە. شاعیر گێڕانەوەی گوتارە شیعرییەكە بە كەسێكی دیكە دەسپێرێ، كە جیهانبینیەكی فراوانی هەیە لە باسكردنی كۆمەڵێ دیاردەی وەك دیاردەكانی: چینایەتی، سەرمایەداری، بازرگانی كردن بە فرمێسك و خوێنی كەسانی تر، شەرو ئازار و ئەشكەنجە، دیارەكانی شەڕ، یەكسان نەبوونی ژن و پیاو، وێران بوونی ولأت، پێشنەكەوتن و لە نێوچوونی خوێندن، ئازادی، بێ دەنگ كردنی قەڵەم. بەمەش دەردەكەوێت كە گێڕەرەوە لە درێژەی گێڕانەوەدا پانتاییەكی فراوانی گێڕانەوەی گرتۆتە دەست. بە بڕوای فرۆید ئەم ئاڵوگۆڕی گێڕانەوەیە هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ((هونەرمەندی داهێنەر لە رێگەی هونەرەوە و بەهۆی دروستكردنی دیمەنی جیهانێكی دی كە

هەر تەنیا لە ئەندێشەو مێشکی خۆیدا نیە، بەڵکو لە ئەندێشەی کەسانی دی و لە هاوبەشی کردنی کەسانی دیکەش خۆشی و چێژێك لە بەرهەمەکەی وەردەگرن هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەك دەدات بیگەڕێنێتەوە بۆ واقیع و پەیوەست بوونی بە کەسانی دیکەوە)) (ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ: ٢٠٠١: ٦٠). ڕەنگە ئەمەش لە ئەنجامی فراوانی گۆشەنیگاکانی ڕوانین و ئەو ڕەهەندە جیاوازانەوە سەرچاوە بگرێت کە پێکهاتەی دەقی لەسەر بینا کرابێت ((لەنێو دەقێکی فرە ڕەهەند دا روئیاکانی تاکی خوێنەر ناتوانێت تەنها لە زاویەیەکی دەقەکە بڕوانێ و تاك زاویەیەك بۆ خۆی بونیاد بنێت)) (ستاری پیرداود: ٢٠١٠: ١٥١).

تەنانەت ئاستی ڕۆشبیری گێڕەڕەوەی دووەم زیاترە لە ئاستی ڕۆشنبیری خودی شاعیر، لەمەشدا مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە هاوخەمێك هەیە وەکو ئەو بیربکاتەوە واتا لێرەدا شاعیر= کەسی دووەم، کە بەشدارە لە گێڕانەوەی گوتارە شیعرییەکە دا. ئەمەش ئەو چەمکی بەناوەندکردنەی گێڕانەوەیە، کە (ژیرار ژینێت) لە باسی گۆشەنیگاکانی گێڕانەوەدا باسی دەکات ((گۆشەنیگا دەبێتە هۆی تێکەڵیی دوو لایەنی گێڕانەوە: ئەو کەسەی خەریکی گێڕانەوەیە و کەسی نێو دەق کە ڕووداوەکان لە چاوی ئەوەوە دەبینرێن، بەیەك کەس لە قەڵەم دەدرێن. لە کاتێکدا ئەم دوو کەسە ناچارەکی و هاوواتا و یەکسان نین لە ڕاستیدا)) (راجێر وێبستێر: ٢٠٠٦: ١٠١). هێمن لەمەدا مەبەستی ئەوەیە بڵێ: هەر من نیم بە تەنیا لە ئێوارەیەکی پاییزیدا لە بیرکردنەوەدام لە سروشتی پاییزو بە کۆمەڵێ دەردو خەمەوە دەناڵێنم، بگرە هاوبیرو کەسانی دیکەش هەن کە وەك منی شاعیر لە بیرکردنەوە و تێڕامانن و لەوە گەیشتوون، کە بازرگانی فرمێسك و خوێن زۆرن و لەو بازرگانیکردنەوە دەستدەکات بە گێڕانەوە و تا کۆتایی تێکستەکە بەردەوام دەبێ. لە کۆتایی دا گێڕەرەوەی تێکستەکە لە ڕێگەی پرسیارێکەوە لەگەڵ گێڕەرەوەی دووەم دەکەوێتە گفتوگۆ وەك دوو جەمسەری پەیامنێرو پەیام وەرگر لە تێگەیشتن لە پەیامی تێکستەکە. ((لە گفتوگۆدا ڕیتمێ پەیدا دەبێ خۆی لە دەنگ و دەنگدانەوەدا دەنوێنێ،..هەژان و گرژی و خاوییەك لە دوو جەمسەری گفتوگۆکە دەخوڵقێ و شوێنی گواستنەوەی چالاکی لە نێوان دوو کەسەکەدا لە سەرواوە دەبێ)) (عەزیز گەردی: ١٩٩٩: ٥٢).

دەکرێ بڵێین: هێمن لە هێنانەوەی ئەم گفتو گۆیەدا ئامانجی ئەوەیە ئەو مەبەستە بگەیەنێ و پێمان بڵێ؛ ئەگەر کەسانێك لە هەموو ئەو جۆرانەی کە لەسەر زاری بگێڕەوەی دووەمەوە باسیان لێوە دەکرێ، بەڵام چەشنە مرۆڤێکی وەك خودی ئەو گێڕەرەوەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونیان هەیە، کە وەك ئەو (هێمن) بیر دەکاتەوە بگرە زیاتریش لەو دەتوانێ دەستنیشانی ئەو جۆرە مرۆڤانە بکات کە لە ئێوارەی پایزدا قاقا دەکەن و چێژ لە هەموو ئەو ڕەهەندانەی ژیان وەردەگرن کە لە نێو تێکستە شیعرییەکەدا هاتوون و لەسەر زاری ئەوەوە باس دەکرێن. ئەمەش گێڕانەوەیەکی باڵا دەست دروست دەکات((گێڕانەوەیەکی بەهێزو زاڵ لە مێژوو پێوەندیی قووڵی لەگەڵ دەسەڵاتێکی بەرین و باڵا دەست هەیە، هەروەها گێڕانەوەیەکی لاوەکی و پەراوێزخراویش سەر بە سەرچاوەیەکی لاوازو بەرتەسکە. بەم چەشنە گێڕانەوە زاڵ و پەڕاوێزەکان شکڵ دەگرن و مێژووی دەسەڵاتداران و تاوانباران دەخولقێنێت)) (شەریف فەلاح: ٢٠١٢: ٤٦٨). هێمنی شاعیریش ڕێك هەمان سروشتی گێڕانەوەی خوڵقاندووە و لەسەر زاری گێڕەڕەوەی دووەمدا وێنەی کۆمەڵێك ڕەهەندو دیمەنی جیاواز دەگرێت بە جۆرێك کە گێڕەڕەوەی دووەم لە کۆی سەرجەم چوارینەکانی (ئێوارەی پایز)دا کە (٣٩) چوارینەی شیعرییە (١٦)

چوارینەیان لەسەر زمانی کەسی دووەمەوە دەگێڕدرێنەوە. هەرچەندە (٢٣) چوارینەکەی دیکە لەسەر زمانی شاعیر خۆیەوە دەگێڕدرینەوە، بەڵام ئەوەی کە گرینگە لێرەدا ئەوەیە کە زۆرینەی ڕەهەندە جیاوازەکانی نێو تێکستەکە لەو (١٦) چوارینەیەدا چڕ کراونەتەوە کە لەسەر زمانی کەسی دووەمەوە باسکراون و؛ ئەو (٢٣) چوارینەی تر کە خودی شاعیری تێدا وەك بگێڕەوە دەردەکەوێت هەر هەموویان باس لە نائارامی دەروونی و باری سایکۆلۆژی شاعیر دەکەن.

**بەشـــــــی دووەم:**

**ڕەهەندەکانی تێکستی شیعریی ئێوارەی پایز.**

**باسی یەکــەم: ناونیشانی تێکستە شیعرییەکە.**

دەروازەی چوونە ناوەوەو تێگەیشتن لە هەر دەقێکی ئەدەبی ناونیشانە((بۆ تێگەیشتنی نێوباس و ناوەڕۆکی هەر هۆنراوەیەك دەکرێ یەکەم جار نیشاندەرێك لە ناونیشانەکەوە وەرگرین)) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٣٨).

ناونیشان وەك کلیلی دەق وایە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی هەر دەقێکی ئەدەبی، چونکە ناونیشان دەلالەت و واتای گشتی دەق لە خۆی دەگرێت و وێنەی تەواوی دەق بە خوێنەر دەبەخشێت؛ کەواتە: ((ناونیشان دەقێکی بچکۆلەی چڕکراوی ڕستەیی پڕ لە ئیحایە کە ڕۆڵێکی گرنگی لە چۆنیەتی خوێندنەوەکەدا هەیە، لە ئاستی دەربڕینیشدا پێکهاتەیەکی زمانەوانییەو لە سەرەوەی دەقەوە ڕۆڵی لە خەملاندنی بابەت و شەقڵپێدانی ثیمەدا هەیە، هەوڵ دەدا کۆدو هێماکانی دەق بکاتەوەو (بینین)ی نووسەرەکە لەلای خوێنەر ڕۆشن بکاتەوە. واتە هەوڵ دەدا لە مەتن و پێکهاتەیەکی گشتیدا شکڵێك بە ڕوانین و بینینی دەقەکە بداو بەرجەستەیان بکا)) (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: ٢٠٠٦: ٧٤). بۆیە ناونیشان دەبێتە یەکێك لە توخمەکانی پێکهاتەی گشتی دەق و بە هاوبەشی توخمەکانی دیکەی پێکهاتەی دەقەکە ڕوانین و جیهانبینی نووسەرو ئیستاتیکای دەق نیشاندەدات. هەر لەبەر ئەوەشە لە ڕەخنەی نوێدا گرینگی زۆری پێ دەدرێت ((ئەمڕو لە ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخدا، زیاتر گرنگی بە ناونیشان دەدرێت. بە تایبەتی لە ڕووی پێکهاتە و ئەرك و ڕۆڵی سیمانتیکی و چۆنێتیی پێوەندیی بە دەقی ئەدەبییەوە)) (فواد ڕەشید: ٢٠٠٧: ٥٨).

لە پشت دانانی ناونیشانەوە دەشێ مەغزاو مەبەستی شاراوە هەبێ ئەویش لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە؛ لە لایەکەوە دەشێ مەبەستی نووسەر لە دانانی ناونیشان نیشاندان و ڕوونکردنەوەیەکی بێ پێچ و پەنای ناوەڕۆك و ثیمەی تێکستەکەی بێت و خوێنەر پەلکێشی ناو تێکستەکەی بکات، لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە نووسەر نەویەوێت ڕاستەوخۆ خوێنەر ناونیشانەکە وەك کلیلێکی سیحریی بەکار بهێنێت بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆك و جیهانبینی تێکستەکە، بەم کردارەش هەندێ جار ئاسۆی پێشبینی کردنی خوێنەر بۆ دەق هەڵدەگەڕێتەوە، بۆیە بە پێچەوانەوە هەندێ جار((مەرج نییە ناونیشان نیشاندەری ناوەڕۆك و بابەتی هۆنراوە بێ بە تایبەتی لە شیعری نوێدا شاعیران دەشێ بۆ ستراتیج و تەکنیکی تایبەتی ناونیشان دابنێن یان دانەنێن. ڕەنگە هەندێ جار مەبەستی ناونیشان ئەوەبێ ناوەڕۆکەکە بشارێتەوە، یان زیاتر ئاڵۆزو نامۆی بکات)) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٣٨).

لە ئێوارەی پایزیشدا هێمن بە شێوەیەکی تەکنیکی جوان ناوی لە تێکستە شیعرییەکەی خۆی ناوە ئەویش بە لێکدانی ئاوەڵناوی کاتیی (ئێوارە) و ناوی (پایز). بەم ناولێنانەش خوێنەر هزری دەپرژێتە سەر ئەوەی کە تێکستە شیعرییەکە بە تەنیا دەلالەت لە پایز ناکات وەك وەرزێکی مجردی ساڵ، بەڵکو بە سەرنجدان لە ئاوەڵناوی

کاتیی (ئێوارە) درك بەوە دەکات یان ئەو جیهانبینیەی لا دەرەوێتەوە کە تێکستەکە تایبەتمەندی تاك ڕەهەندی وەرزی پایزی تەنیا وەك وەرزێکی ساڵ لە خۆی گرتبێت، یان بە واتایەکی تر هەست بەوە دەکات لە پشتی ئەو ناونیشانەوە جیهانێکی ئاڵۆزو تەماوی تەژی لە تراژیدیا خۆی حەشار داوە، چونکە وەك ڕوونە هەمیشە لە شیعری شاعیرانەوە پایز نیشانەی خەم و ئازارو ڕەنگ زەردی و دووری و دابڕان و هەناسە ساردی بووە. هێنانی ئاوەڵناوی شوێنی (ئێوارە)ش هێندەی دیکە ئەو درك پێکردنە دەدرکێنێ، ئەمەش کاتێ هەستی پێدەکرێ کە خوێنەر تەواوی تێکستەکە دەخوێنێتەوە. کەواتە هێمن زۆر بە ئاگاییەوە ناونیشانی بۆ تێکستە شیعرییەکەی هەڵبژاردووە و نەك هەر نەیویستووە ناوەڕۆك و دونیابینی تێکستەکە لە خوێنەر بشارێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە ڕێگای ئەو ناونیشانەوە جیهانی پڕ لە ناسۆری و هەموو ئەو ڕەهەندانە لە هزری خوێنەری زرنگدا وێنە دەکێشێ کە لە پشتی چوارینەکانەوە حەشاری داون ئەمەش ڕاستەوخۆ لە یەکەم چوارینەی تێکستە شیعرییەکەدا دەردەکەوێت کاتێ دەڵێت:

(ئێوارەی پایز)

لە ئاسۆیەکـــــی دوورە دەست

ئـــاوابـــوو زەردەی پایـــــزی

دەتگووت بووکێـــــکی بێ نازە

پـــــەردە جێ دێڵی بـــەزیزی (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٢٧)

**باسی دووەم: وێنەی سروشت لە تێکستە شیعرییەکەدا.**

ڕەهەندەکانی سروشت و وێنەگرتنی وەرزەکانی ساڵ و وەسفی سیمای ئەو وەرزانە؛ لە نێو ئەدەب و شیعری کوردیدا جێگەی بایەخی شاعیرانی کورد بووە، چونکە ((سروشت سەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییە، لەبەر ئەوەی هونەرمەند خاوەن هەستێکی ناسکەو بە وردبوونەوە لە جوانییەکانی سروشت و دیاردەکانی دەتوانێ داهێنان بکات و کارەکەی بەرەو ئاستی بالاّ بەرێ)) (ئاسۆ عومەر مستەفا: ٢٠٠٩: ٣٤). هێمنی شاعیریش وەك شاعیرێکی هەست ناسك و واقیع بین توانیوویەتی زۆر بە باشی وێنەی وەرزی پایز بگرێت، کە تەنها باسکردن نەبێت لە وەرزی پایز، بەڵکو لەگەڵ وێنەگرتنی ئەم وەرزە تایبەتمەندییەکانی تێکەڵ بە چەندین ڕەهەندی جیاواز بکات، تا تەواو لە واقیعی حاڵ نزیك بێتەوەو خوێنەر وا هەست بکات کە تێکەڵ بەو واقیعەی پایز بووە؛ تەنانەت ئەگەر خوێندنەوەو تێکەڵ بوون بە ناوەڕۆکی شیعرەکە لە وەرزی پایزیش نەبێت لەهەر وەرزێکی دیکەی ساڵ بێت (( وێنەو تەسویری شیعریی هێمن بە یارمەتی زمانی سادە بە مانای مەبەست دەگاتە ئاستێکی بەرزو هونەرمەندانە)) (شەریف فەلاح: ٢٠١٣: ٧٥). ئەمەش توانای خەیاڵ بەرزی هێمن نیشاندەدات لە وێنەگرتنی ئەم وەرزەی ساڵ هەر بەو چەشنەی محمدی مەلا کەریم لە دێپاچەی ناڵەی جوداییدا لە بارەی شیعرەوە دەڵێت: ((من لام وایە لە بناخەدا ئەرکی شیعر قسەکردنە لەگەڵ سروشت، لەگەڵ جوانی، لەگەڵ ئافرەت، لەگەڵ دەروون، لەگەڵ هەستی بەرزو خاوێنی مرۆڤایەتی..ئەبێ لەم ڕێگایانەشەوە بۆ بابەتەکانی تری ژیان بچێ و ببێ بە چەکی خەبات)) (هێمن: ١٩٧٩: ٥).

هێمنیش وەك شاعیرێکی ڕۆمانتیکی ئیلهامی ئیوارەی پایزی لە سروشتەوە وەرگرتووە ((پاییز بابەتێکی بەپێزە بۆ شیعری ڕۆمانسی. لە هەموو ئەدەبی ڕۆمانسی جیهانیدا پاییز شوێنێکی دیاری هەیە و شاعیرانی ڕۆمانسی و

تەنانەت کلاسیکیش، بە زۆر بۆچوون و لێکدانـەوەی پێکچوو، یان جیاواز و ڕەنگا و ڕەنگەوە، باسی پاییزیان کردووە)) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٥٥). چونکە ((ئـەدەبی ڕۆمـانتیکی بایـەخ بـە مـرۆڤ دەدات، لـە سەرچاوە ڕەنگینەکانی سروشتەوە سرووش و بەهرە و بابەت هەڵدەهێنجێ و بە چاوی هونەرمەند سەرنجی مرۆڤ و شت و دەوروبـەر دەدات. هـەوڵ دەدات مـرۆڤ و سروشـت و ژیـان بـە فرەڕەنگـی و بـەپێز و هـارمۆنی و هەماهەنگییەکانیانەوە تێ بگات و بیانناسێنێ)) (حەمید عەزیز: ٢٠١٠: ٩٧).

هێمن لە ئێوارەی پایزدا لە ڕێگەی وێنەگرتن و وەسفی پایزەوە لەگەڵ جوانی و بزێوی سروشت و جوانی ژن و چینایەتی و نامۆیی خۆی و کۆمەڵێك چەمکی دیکەدا دەدوێت و لەوێوە بەرەو خەبات ئاسۆی ڕوون هەنگاو دەنێ و بە جۆرێکیش وێنەی ئەو دیاردانە تێکەڵاوی یەکتر دەکات، کە یەکێتی بابەتیی شیعرەکە تەخشان و پەخشانی سەر تێکرایی وێنەکان دەکات، کە تا خوێنـەر هـەموو مۆتیڤـەکان بەیەکـەوە کۆ نەکاتـەوە درك بـەوە ناکات کە هێمن لەو شیعرەدا دەیەوێت بەگژ چەند ڕەهەندی ژیاندا بچێتەوە!. ئەمەش وایکردووە شیعرەکە جازبیـەتێکی ڕاکێشانی بەهێزی تێدا کۆ بێتەوە و خوێنەر بەجۆریك پەلکێشی ناو دەقە شیعرییەکەی بکات نەتوانی خۆی لەو ڕەهەندانە جیا بکاتەوە، لە بنەڕەتیشدا ئامانجی شیعری ڕاستەقینە لە گەیاندنی پەیامی خۆیدا هەروایە.

((مەبەستی سەرەکیی کاری ئـەدەبی ئەوەیـە کـە بـە کـەڵك وەرگـرتن لـە جوانناسـی و بـەکارهێنانی سـەناعەتە ئەدەبییەکان و گۆڕانی هێماو وێناکان، شتەکان بەجۆرێك بخاتە بەرچاو کە خوێنەر وا هەست بکا بۆ یەکەم جارە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێ خوێنەر لە بازنەی دەقی ئەدەبی دا بهێڵێتـەوە و سـرنجی بـۆ نێـوەڕۆك ڕابکێشـێ)) (سمایـل عـەزەمی: ١٣٨٩ل: ٢٣).

شاعیر پایز بە بووکێکی زیز دەچوێنێ ((پاییز دەشێ ڕەنگ و ڕوخسار و بۆ و بەرامـەی جیاواز وەربگرێ، دەشێ لـە بـووکێکی زیـز بچێ)) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ٥٦). لـە کۆپلـەی دووەمـی شیعرەکەدا دوو دیاردەی دیکـەی وەرزی پایز وێنە دەکێشێ ئەوانیش بوونی پەلە هەورو وەرینی گەڵای دارە بە هۆی زریانەوە : واتا لێرەدا شاعیر سەرەتا ناساندنێك بۆ وەرزی پایز دەکات، ئینجا باس لە دیاردەکانی دیکە دەکات.

هـەوا بوولێلـە، ئـاو لێـلە
گوڵ سیس بووە، گـەڵا زەردە
تەنانەت ڕەنگـی گـۆڕاوە
ئەم دیـوارو دارو بـەردە (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٢٩)

تەمـاشـای هەر شتێ دەکـەم
ڕەنگی پایـزی گـرتـووە
جوانی خۆی لێ شاردوومەوە
دزێـوی ڕیزی گـرتـووە (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٠)

هێمن هێـزی پەیوەنـدی لـە نێـوان هەسـتی شاعیرانەی خـۆیی و ڕەهەنـد و شـتەکانی دەوروبـەر لەڕوانگەیـەکی شیعریی و فەلسەفییەوە وێنە دەگرێت و وابەسـتەیی و هۆنینـەوەی دەقـە شیعرییەکەش هـەر لـەو دەروازەیـەوە ئیجـا دەکـات، لەبـەر ئـەوەی (( پەیوەنـدی شـاعیر بـە شـتەکانەوە پەیوەندییـەکی هەڕەمـەکی نییـە، بـەڵکو پەیوەندییەکە لـە ڕوانینێکی شـیعریی و فەلسـەفی و ژیاریی تایبەتـەوە سەرچاوەی گرتـووە)) (نـەوزاد ئەحمـەد

ئەسوەد: ٢٠٠٦: ٩٤). ئەم ڕوانینە بۆ پایز و سیماکانی ئەم وەرزە لە لایەن هێمنەوە بووەتە سەرچاوەی وێنەگرتنی کۆمەڵێك دیاردەی دیکە، کە لە بنەڕەتدا تەفسیردانە بە دەلالەتە نادیارەکانی ئەم وەرزە.

**باسی سێــیەم: دیاردەی چینایەتی لە تێکستە شیعرییەکەدا.**

چینایەتی وەك دیاردەیەکی دونیای سەرمایەداری لە نێو ئەدەبی سەر بەو نەتەوانەی ژێر دەستە بوون بۆتە هەوێنی ئەدەبی ریالیزم و یەکێکە لەو دیاردانەی کە هەر لەو ساتە وەختـەوەی، کـە لەلایـەن بیرمەنـدانی بـواری فەلسەفەی مارکسیستی لینینی باسی لیوە کراوە و لەو کاتەوە لە نێو ئەدەبیاتی چـەندان نەتـەوەی جیـاوازی ئـەم سەر زەمینە بۆتە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی خەبات و تێکۆشان. دیارترین فەلسەفەش کە باسـی دیـاردەی چینایەتی کردبێ فەلسەفەی مارکسیەتە ((فەلسەفەی مارکسیەت جەخت لە بوونی جیاوازی چینایەتی دەکاتەوە لە ئەدەبدا و پێوانـە هونەرییـەکان وادەبـینێ کـە هاوتـەریبن بـەو ڕەهەندانـەی کـە لـە ژیـان بوونیـان هەیـە و لـە توانـای نووسەراندا هەیە هەست بە پێشهاتەکانی ژیان بکەن و پشتگیرییان لـێ بکـەن)) (عبـدالرزاق مسـلم الماجـد: ٢٠٠٠: ٣٤). ئەم فەلسەفە مارکسیە لە نێو ئەدەبدا بەتایبەتی لە ڕێبازی ڕیالیزمدا ڕەنگیداوەتەوە و نووسـەرانی سـەر بـە ئـەدەبی ڕیـالیزمی لـە هـەوڵی وێنـە گـرتنی دیاردەکـانی کۆمەڵگـەدا بـوون و لێکەوتـەکانی ئـەو دیاردانـەیان ڕاڤەکردووە، چونکە ((ڕیالیزمییەکان هەوڵیاندەدا لایەنـە جیاوازەکـانی ژیـان بـۆ نێـو ئـەدەب بگوازنـەوە، وێنـەی واقیعە ناشیرینەکانیان دەگرت و کۆمەڵگەیان لی ئاگادار دەکردەوە )) (انطونیـوس بطـرس: ٢٠٠٥: ٣٢٨). نەتـەوەی کـوردیش وەك نەتەوەیـەکی ژێـر دەسـتەو چەوسـاوە هەمیشـە گـیرۆدەی دەسـتی دیـاردەی چـینایەتی بـووە و بەتایبەتیش دیاردەی دەرەبەگایەتی دەسەڵاتی ئاغاو داروەستەی دەوڵەتانی دەوروبەر. باسکردن لەو دیاردەیە لە ئەدەبی کوردیدا هەر لە سەرەتاوە سیمای ڕیالیزمیەتی ئەدەبی کوردی نەخشاندووە. ئەم دیاردە چینایەتییە لە نێو شیعری هێمندا بە گشتی و لە شیعری (ئێوارەی پایز)دا ڕەنگیداوەتەوە بـەجۆرێك کـە لـە گێڕانـەوەی گوتـارە شیعرییەکەیدا هێمن هەوڵی شرۆڤەکردنی ئەو دیاردەیە دەدات ((ئەدەب و هونەری سەرکەوتوو کاتێـك دەبـن بـە ئاوێنەی بێ گەردی ژیان و کۆمەڵگا کە لە ناو جەرگەی ئێش و ئازارو ئەشـکەنجەی کۆمـەڵگادا چـرۆیان کردبێ و ببنە مایەی لابردنی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە بە پێی ئەو ئامراز و توانا و ئەرکەی کە کەوتۆتە ئەستۆی ئەدەب و هونەر و داهێنەرانیانەوە)) (حەمید عەزیز: ٢٠١٠: ٢٣).

هێمن لەو ئێوارە پایزەیدا هێندە دڵ پڕ لە خەم و دەردو کەسەرە تەنانەت ڕقی لە پێکەنینیش دەبێتەوەو قاقای پێکەنینەکە دەچوێنێ بە پێوەنانی قرمە و قڕیشکەی گوللە.

دوور قاقایـەکم گـــوێ لێ بوو

دەتگووت گوللـــەم پێوە دەنێ

چۆن بـــە ئێوارەی پایـــزیش

ئی وا هەیـــە پێبـــکەنـــێ؟ (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٢)

بـە واتایـەکی دیکـە ئـەو جیهـان و ژیـانی خـۆی چـۆن دەبـینێ دەیـەوێت کەسـانی دەوروبەریشـی هـەمان ژیـان و جیهانیان هەبێت و نوقمی دونیای تێڕامان بن لە زەردی وەرزی پایزو ڕەهەندەکانی، بۆیە پرسیاری ئـەوە دەکـات و لای جێگەی سەرسوڕمانە، کە جۆرە کەسانێك هەبن بە ئێوارەی پایزیش هێندە دڵخۆش و کەیفسازبن، کە قاقا

پێبکەنن. هەر بۆیە هێمن بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی هانا دەباتە بەر خەیاڵ بۆ ئەوەی وەڵامی دەست بکەوێت بۆی دەرکەوێت، کە ئەو جۆرە کەسانە بە چی قاقا لێدەدەن و دڵخۆشن، بۆیە خەیاڵی هاوتای وشە دەکات، خەیاڵی شاعیریش ئامادەیە وەڵامی پڕ بە پێستی ئەو تورەییەی شاعیر بداتەوە، بەڵام بەر لەوەی خەیاڵی شاعیر بێتە وشە هەڵڕشتن دەنگێکی لەرزۆك و نەرم بەسپایی وەڵامی دەداتەوەو لە درێژەی گێڕانەوەکەشیدا هەوڵدەدات هەموو ئەو ڕەهەندانە ڕوونبکاتەوە، کە هۆکاری قاقا و تریقەو پێکەنینی ئەو جۆرە کەسانەن کە لە ئێوارەیەکی پایزدا پێدەکەنن. بەبڕوای بگێڕەوەی گوتارە شیعرییەکە، کە دەنگە لەرزۆك و نەرمەکەیە و هەر یەکسانیشە بە خەیاڵ و دەنگی بگێڕەوەی سەرەکی تێکستە شیعرییەکە، کە خودی شاعیرە وا دەبینێ، کە هەموو ئەوانەی بازرگانی فرمێسك و خوێنن و بوونیان هەیەو کەمیش نین، بەڵکو زۆرن. ئەوانە نەك هەر بە ئێوارەی پایز پێدەکەنن، بەڵکو بە ژنی سەر بەهەش و جێگەو مەنزڵی پرسەش پێدەکەنن. لێرەوە تێدەگەین کە ((هێمن وەك شاعیری مۆدێرنیست بەرخۆدار نییە لە زەینییەتی مێژوویی و دڵنیاو نامۆیە بەو دیدگا و هۆشیاریە سیاسی و فەلسەفی و مێژووییە کە لە ژیان و سەردەمی ئەودا باڵادەستە، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە تێبکۆشێ بۆ پەیداکرنی جۆرێکی دیکە لە هۆشیاری و بەهادان، یان دەیەوێت پەیڕەوی لە سیستەمێك بکات کە خۆی بڕوای پێیەتی و هەڵی دەبژێرێ)) (شەریف فەلاح: ٢٠١٣: ٧٧).

خەیاڵم ببوو بە وشە
نەمزانی کەس بەدوامەوە
دەنگێکی لەرزۆك ونەرم
بەسپایی جوابی دامەوە   (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٢)

بەڵێ هەن و پێدەکەنن
بەمن، بەتۆ، بە هەزاران
بەداخی باوك کوژراوان
بە هەنیسکی هەتیو باران  (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٢)

هێمن لێرەوە فەرهەنگێك لە وشە دەهۆنێتەوە بۆ گوزارشتکردن لە هەموو ئەو ڕەهەند و دیاردانەی کە باس لە ناخۆشی و دەرد و مەینەتی مرۆڤ دەکەن و مرۆڤ بە بیستنیان ترس دایدەگرێت و لێیان ڕادەکات. ئەو دیاردانەی کە شاعیر لە ڕێگای هێنانی ئەو وشانەوە باسیان لێوە دەکات بە دەسکردی خودای شەڕیان دەزانێت؛ چونکە هەموویان لەو دیاردانەن کە خراپ و شوومن.

بە نەزانی ، بەنەخۆشی
بە تاریکان، بەشەوە زەنگ
بە زنجیر، بە تەناف، بەدار
بە گرتووخانەی تەڕو تەنگ   (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٣)

بە بووە لەرزە، بە ڕەشەبا
بە سووتمان و زیان و زەڕ

بەهەرچی خـــــراپ و شـوومە
بەگشت دەسكردی خـوای شـەڕ (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٣)

هێمن لەو چەند چوارینەدا وێنەی تراژیدیترین ئەو دیمەنانـە دەگرێت، كـە مـرۆڤ لـە خـراپترین بارودۆخـەكانی ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە وەك گریان و ڕوو ڕنین، بەرگی ڕەش و گۆڕخانەو كۆڕی شـین، كـەلاوەو كونـدەبوو، هەژاری و نووكە نووكی بێوەژن و هانە هانی ماندووان و زیرەزیری منداڵان و تەنانەت نووزەی نیـوە زینـدوان و كەسانێك كە لە نێوانی ژیان و مەرگدان.

بە نـــــەرە نـــەڕی جەللادان
بە قرمە قــرمی سەست تـیران
بە وێڕە ویڕی قــــەمچـی یان
بە ئەشكەنجەی ڕووناك بـیران (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٤)

بە چڵكی یەخـــــەی كرێكـــار
بەكـــەڤی سەرشانی جـــووتێر
بەپەچەو ڕووبەند، بە خەنجەر
بەیەك نەبوونــــــی مێ و نـێر (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٥)

هێمن باس لە یەكسان نەبوونی نێرو مـێ دەكا. لـە ئـازاردانی ڕوونـاكبیران دەدوێ زایەڵـەی قەمچـی و نەڕەنـەڕی جەللاددان وێنە دەگرێت. باس لە بەزینی قەڵـەم و وەسـتان و لـە گۆكـەوتنی زمـان و داخسـتنی دەرگـەی فێرگـەو كتێـب و دەفتـەری دڕاو دەكات و لەمـەوە بـەجۆرێك بـاس لـە ئاسـتی بێبـەزەیی بـوونی ئـەو چـینە سـەرمایەدارە دەكات، كە ڕقیان لە بزەو پێكەنینـە و بـە پێچەوانەوە ئارەزوویـان لـە ڕشـتنی خوێنـە. فرۆشـتنی دڵـۆپی خـوێنی لاوەكان بە نرخی یاقووتە و فرمێسكی هەر كیژێكی وڵات بۆ ئەوان نرخی مرواری بەرموورە:

بەقەڵـــــــەمی بەزیـــوی كول
بە زمانـــی لە بندا بــــــڕاو
بە دەركی داخـــــراوی فێرگـــە
بە كتێب و دەفــــتـــەری دڕاو (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٥)

هەر دڵـــــۆپێ خوێـــنی لاوێ
بۆ وان یاقـــــووتێكی ســـوورە
هەر تكــەی فرمێسكی كــیژێ
بۆ وان مـــــرواریی بەرمـــوورە (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٥)

هێمن لە باسی چینایەتی و جیاوازی چینایەتیدا لە ئاست ئەو خاڵەدا ناوەستێ كە پێناسـەی چینایەتی وادەكـەن كە تەنیا گوزارشت بێت لە ڕاگرتنی چینەكان لە بەرانبـەر یـەكتر، بـەڵكو هـێمن لـەو ڕوانگەیـەوە ئـەو ڕەهەنـدە باڵاترو گەورەتر دەبینێت ئەو وایدەبینێ ئەوانە بازرگانی فرمێسك و خوێنن و بۆ ئەوەی سەرمایەیان لە جوڵان و بـەردەوامی دابێـت گـرنگ نییـە، كـە هـەزاران دەركـیش بـەقوڕ گێـرێ بـۆ ئـەوەی دۆلاری ئـەوان لـە تـین و تـاو

نەكەوێ گرنگ نییە تەنانەت با داپیرەو پیرە ژنە بێ كەس و كلۆڵەكانیش زیاتر كۆڵەواربن. بۆ گەڕان و بەردەوامی چەرخی كارگەكانیان لە جیاتی ئەوەی وەك چۆن لە ڕابردوودا ئاش بە ئاو گەڕاوە با خوێن چەرخی كارگەكانیان بگێڕێ. بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە كە ئاگری شەڕ نەكوژاوە بێت ((شاعیر ئینسانە، هونەرمەندە، لە زۆربەی زۆری خەڵك زووترو زیاتر هەست بەڕووداوەكان دەكات و لە شیعرەكانیدا بەڕاستی دەیانخاتە بەر چاوو نیشانی خەڵكی ئەداتەوە، ئەو ڕووداو و دیمەنانە شاعیر وا لێدەكەن بیركردنەوەی چڕو پڕتربێ و ژیانی كۆمەڵی بەرەو پلەیێكی بەرزتر بەرێ)) (ئۆرخانی غالب: ١٩٩٠: ١٩٠).

سەرمایەی وان لە گەڕدابێ
با زۆر دەرك بە قوڕ گیرێ
دۆلار لە بڕەو نەكەوێ
با كۆڵەوار بێ داپیرێ   (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٦)

دەبا خوێن بێ و سەران بەرێ
چەرخی كارگەیان بگەڕێ
پێدەكەنن، پێدەكەنن
بە بڵێسەی ئاگری شەڕێ   (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٦)

هێمن لە هەموو ئەو چوارینە شیعرییانەدا دەیەوێت باس لە چینایەتی و دیاردەكانی چینایەتی دنیای سەرمایەداری بكات ((هێمن لە باسی بەگژداچوونی ئیمپریالیزمدا ڕاناوەستێ و دەڵێ بۆ ئەم دنیا خۆرانە تەنیا گەڕانی سەرمایە مەبەستەو ئەوی بایەخێكی نەبێ ئینسان و ئینسانییەتە)) (عوسمان دەشتی: ٢٠٠٩: ١٥٧). هەموو ئەمانەش تەنها لە پێناو پاوانخوازی و پاراستنی بەرژەوەندی نائینسانی خۆیاندایە.

**باسی چوارەم: ئەڤین و دڵداری لە تێكستە شیعرییەكەدا.**

ئەڤین و خۆشەویستی لە نێو ئەو تێكستە شیعرییەدا بەجۆرێك باسكراوە كە گرێدراوە بە ئارەزووی سروشتی دوولایەنەی مرۆڤەوەو پێوەرێكی كلتووری و ڕەوشتیشی پێدراوەو تەنانەت هێمن تێكڕایی چەمكی جوانی دەبەستێتەوە بە جوانی ئەو كیژەوە، كە دەرگا دادەخات ون دەبێ واتا: هێمن جوانی ژنی كردۆتە جێ پێی شوێنەواری جوانی و، جوانی شوێنەواری سروشتیشی بەستۆتەوە بە جوانی ژنەوە (( جوانی ژن دەتوانێ ببێتە داهێنانی مەزن... لە جوانی ژن و لە خۆشەویستی ژندا دەیان داهێنانی شیعری لە شیعری هاوچەرخی دونیادا لە دایك بوون)) (كۆمەڵێك نووسەر: ٢٠٠٤، ٢١٧).

لە ئێوارەی پایزدا سەرباری ئەو بارە سایكۆلۆژییە پڕ لە نائارامیەی دونیای شیعرەكەی تەنیوە، كەچی هێمن هێندە سەرنج تیژە لە ژێر چارشێویشدا جوانی ژن دەبینێ، ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، لە گێژاوی ئەو هەموو دەردو مەینەتییەدا كە شاعیر دەیبینێ هێشتا ناهێڵێ، كە تارمایی كەسەر خۆشەویستی و جوانی ژنی لەبیر ببەنەوە، ئەمەش پەیوەست بوونی هێمن نیشاندەدات بە ژن و بە خۆشەویستی و بە دونیای جوانی ژنەوە.

كیژێك خۆی لە ژوور كوتاوە

**دەرگای حەوشەکـــەی پێـوەدا**

**ئیتر شوێنـــەواری جــــوانی**

**بەدی ناکــــــەم لەم نێـــوەدا (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٢٩)**

**لەم کۆپلە شیعرەوە دەردەکەوێت، کە هێمن لەگەڵ ئەو هـەموو دەردو مەینـەتی و خەفـەت باریـەی دەوروبـەری تەنیوە، نەیانتوانیوە سیمای جوانی ژنی لەبیر بەرنەوە و هێشتا ژن و جـوانی ژنـی جێگـەی سـەرنج و تێڕامـانی ئەون و لەو گێژەڵوکەی مەینەتییەشدا خۆ لە ژوور کوتانەوەی کیژێك، کە تەنیا چەند چرکە ساتێك دەخایەنێت دەبـن بـە وێنەیـەکی شـیعری جوان بـۆ ئـەو. بەمـەش هـێمن وێنەیـەکی جوڵاو لـەم چوارینەدا وێنـە دەکێشێت ((وێنەی جوڵاو بەردەوامی و چالاکی خۆی هەیەو گەشە دەکات و ئەم جولانەوەیـەش لـە کـارەوە هـاتووە)) (شـنۆ محەمەد محموود: ٢٠٠٧: ١٦٦). دیارە ئەمەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت کە، هێمن وەك چۆن لە خەمی ژن و مـافی ژن بووە هەر بەوجۆرەش ژن هەمیشە بەردەوامییەکی نەبڕاوەی لە هزر و جیهانبینی و شـیعریی ئـەودا هەیـە و تەنانەت لەو هەموو نائومێدی ڕەشبینی و هەست ئاڵۆزییەی لـە دنیـای شـیعرەکەدا هەسـتی پـێ دەکرێـت و بـیرو ئەندێشەی هێمن پێیانەوە گرفتارە، کەچی هێشتا هـێمن لـە سروشـتی مرۆڤانـەو شـاعیرانەی خـۆی دەرنەچووەو پەیوەستی تەواوی بە ڕەهەندە دیارەکانی ژیانەوە ماوەو هەر لەبەر ئەوەیە ((زۆر کەس هێمن بە شاعیری جوانی و باسی جوانی ئافرەت و عەشق دەناسن، بێگومان ئەمانە ناهەقیان نییە لەم بوارەدا شیعری هـێمن هێنـدە زۆر و جوانن کە دەبنـە ناسـنامەی شاعیری ئـەو. ئـەو لـەو پـەڕی هەسـتیاریدا جوانپـەروەرو عەشـق پەرسـت و دڵدارو کاریگەر بووە)) (شەریف فەلاح: ٢٠١٣: ٧٣). هێمن ئاوەدانی و جوڵەی ژیانیش لەم تێکستەدا دەبەسـتێتەوە بـە ژن و جوانی ژنەوە، بۆیە ئەم تێکستە لە پاڵ وێنەگرتنی دیمەنـەکانی پـایزدا وێنـەی عەشـق و ئـەڤینیش دەگرێـت و وەك ڕەهەندێکی جیاواز و کاریگەر باسی لێوە دەکات.**

**باسی پێنجەم: سایکۆلۆژییەتـــی تێکستە شیعرییەکە:-**

**تێکستی ئێوارەی پایز خودان سایکۆلۆژیەتێکی تایبەت بەخۆیـەتی بـەجۆرێك کـە لـە تێکڕایـی چـوارینەکانی ئـەم تێکستەدا بە تایبەتی لەو (٢٣) چوارینەدا، کە شاعیر وێنـەی دیمەنـەکانی وەرزی پـایز دەگرێـت و بـاس لـە بـاری دەروونی خۆی دەکات سایکۆلۆژیەتی (نامۆبوون و ڕەشبینی و گەشبینی)بۆ تێکستە شیعرییەکە خوڵقاندووە:-**

**١:- غوربەت و نامۆبـــوون باسکردن لە خود.**

**نـامۆبوون وەك دیاردەیـەکی سـایکۆلۆژی لـە نێـو تیـۆرە زانسـتییەکانی دەروونناسـیدا وەك هـەر دیاردەیـەکی دیکـەی سـایکۆلۆژی لەوانــە: خــەمۆکی، نائـارامی، شـەرم، ترس...هتــد. جێگـەی بایـەخی بیرمەنــدانی بـواری سـایکۆلۆژی بـووە. نـامۆبوون (الاغـتراب) لـە دیـدگای هیگڵـەوە واسـەیرکراوە، کە(( بریتییـە، لـە ڕەتکردنـەوە و داماڵینی خود لەو ئازادییە سروشتییەی کە هەیەتی)) (ستاری پیرداود: ٢٠١٠: ٦٠).**

**فرۆید ڕوئیای خۆی لەمەڕ نیگەرانی و نامۆبوونی مرۆڤەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ چەندان کۆتی ئایینی، دابونەریت، یاسا و پێوەرە باوەکانی کۆمەڵایەتی..ئـەم بازنـە و کۆتانـە وا لـە مـرۆڤ دەکات گۆشـەگیر بێـت و بـەرەو بازنـەی نامۆبوون هەڵکشێت. بۆیە نامۆبوون حاڵەتێکی لە خۆوە نییە؛ بەڵکو دەشێ مرۆڤ بـەهۆی فاکتـەرێك یـان چـەند فاکتەرێکەوە دووچاری بێتەوە جا ئەم فاکتەرە دەشێ فاکتەری کۆمەڵایەتی، نەریتی، ئایینی، ئابووری...هتد بێت. ((نامۆبوونی دەروونی، بەو حاڵەتە دەوترێت کاتێك تاك بەهۆی هەنـدێ فاکتـەری نـەریتی دەوروبـەر، کە دەبنـە**

ڕێگر لە بەردەمی خواستەکانیدا نەتوانێت دەربڕین لە ناخی خۆی بکات، ئەوا تاك تووشی ون بوون دەبێت و هەست دەکات ناتوانێت بەشێوەیەکی دروست حەزەکانی خۆی و ئاوات و هیواکانی وەك ئەوەی خۆی دەیەوێت گوزارشت لێوە بکات)) (یووسف عوسمان حەمەد: ٢٠٠٢: ٢٠٢).

دەسەلاتی سیاسی و زەبر و زەنگ و داگیرکاری لە جیهانی سەرمایەداریدا یەکێکی ترە لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە مرۆڤ دووچاری دیاردەی نامۆبوون دەکاتەوە ((نامۆیی لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بریتییە لە پەرەسەندن و زیادبوونی ئیستغلالی ئابووری و بەهێز بوونی تین و زەختی سیاسەت و کۆیلەکردنی ڕۆحی تاکەکەس، هەروەها دوورە پەرێزی ئادەمیزادو گۆشەنشینیی و داڕمانی کەسایەتی)) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٥: ١٤٠).

مەودای نامۆبوون زیاتردەوەستێتە سەر توندی جیابوونەوە بەبەراورد لەگەڵ ئەو وێنە تایبەتییەی کەسی نامۆ هەستی پێ دەکا (( لە ترسناکترین جۆری نامۆبوون ئەو جۆرە نامۆبوونەیە کە مرۆڤ لە خودی خۆی دادەبڕێت)) (کارین هورنی: ١٩٨٨: ٧٧).

نامۆبوون وەك چەمکێکی سایکۆلۆژی لە نێو ئەدەبدا خۆی دەنوێنێ  لە نێو شیعری زۆر لە شاعیرانی کوردیشدا ڕەنگیداوەتەوە لە شیعری ئێوارەی پایزیشدا نامۆبوون و چەمکی نامۆبوون زۆر بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوەو تەواو هەست بەوە دەکرێت، کە هێمن دووچاری گرێی نامۆبوون بۆتەوە، نامۆبوونی هێمن نامۆبوونی دوور کەوتنەوەیە لە زێدو نیشتیمان، لە خانەوادەو خێزان، لە دۆست و عەزیزان.

(عوسمان دەشتی) لە بارەی دیاردەی نامۆبوون لە نێو دنیای ئەدەبدا دەڵێت: (( نامۆیی هەست بەتەنیا باڵی کردنە، ون بوونە، پلیشانەوەیە، لەژێر زەبرو زەنگدا، بە تایبەتی لە شوێنێکدا کە مرۆڤ دووجار چەوساوەی، چینایەتی و نەتەوایەتی، دەستەوەستانە، هاونیشتیمانیی پلەی دووەمە، پێشەکی ڕەنگ بۆ تەفرو توونـاکردنی ڕێژراوە، هەر لە باج دانان لەسەر زمانەکەی، کە دیارترین سیمای نەتەوەیە، هەتا شێواندنی کەلەپوورو مێژووی، سڕینەوەی شارستانێتی دێرینەی، سنوردانان بۆ جم و جووڵەکانی، تاساندنی دەنگی ئازادیخوازانەی و بەشەر دۆستییەکەی، ناتوانێ پڕ بەدەم هاوار بکا، چی هاوارێك ئەو دەیکا بەر دیوارێکی زەبەللاح دەکەوێ و دەگەڕێتەوە و ناگاتە جێ)) (عوسمان دەشتی: ٢٠٠٩: ١٢٨).

ئاوارەیی و دووری لە زێد و نیشتیمان و کەس و کار یەکێکە لەو هۆکارانەی مرۆڤ بەرەو نامۆبوون دەبات بە تایبەتی ئەگەر دووری و دابڕانی مرۆڤ بەویست و ئارەزووی خۆی نەبێت بەهۆی جیاوازی بیرو ڕاو ئایدۆلۆژیای جیاوازەو بێت ((ئێمە لە غوربەتی شاعیر غوربەتی نەتەوە و نیشتیمانێك هەست پێ دەکەین)) (عوسمان دەشتی: ٢٠٠٣: ١١١)، بەلام زۆرجار مرۆڤ بەهۆی هەندێ هۆکاری کاریگەرەوە لە ولات و زێدی خۆشیدا دووچاری دەردی نامۆبوون دەبێتەوە ((سەختترین نامۆیش ئەو جۆرەیانە، کاتێك تاکی داهێنەر لە ولاتی خۆیدا دووچاری دەبێ. نووسەرانی دنیاش بەخواستی خۆیان نیشتمانیان جێ نەهێشتووە. یان ئەوەتا بەزۆری زۆردارەکی وەدەرنراون. یاخود لە ولاتی خۆیان دەست و پێ بەستراوو بوون. مقەست و چاوی سووری سانسۆر نەیهێشتووە بە ئازادیی بئەفرێنن و لە ترسی ژیانی خۆیان هەلاتوون. بەلام لە کوێ ژیانێکی ئارامی دوور لە سترێس و فشار بۆ داهێنەر بلوێ. ئەو لە وێندەرێ کاری خۆی جێبەجێ دەکا)) (محەمەد فەریق حەسەن: ٢٠٠٨: ٤٣).

هێمنی شاعیریش لە (ئێوارەی پایز)دا بەهۆی دووری و دابڕان لە زێدی ڕەسەن و عەزیزانی نیشانەکانی نامۆبوونی پێوە دیارە و ئەو باری نامۆبوونە هۆیەکی دیاری داهێنانی شیعری ئێوارەی پایز بووە (( کەسی نامۆ بەدەست یەکێك یان زیاتر لە ڕەگەزو پێك هێنەرەکانی نامۆبوونەوە دەناڵێنێت)) (سابیر بۆکانی: ٢٠٠٦: ٤٩). لە

تێکستی ئێوارەی پایزیشدا بە سەرنجدان لەو چوارینانەی بە نموونە وەرمانگرتووە هەست بە نامۆیی شاعیر دەکرێت:

نــا نــا نارۆم، مــــەلە دەکـــــەم
لە نێو دەریای مـەندی خەیــاڵ
داهێـــزراوو ڕووگـــرژ، تـــوڕە
دڵ پڕ تاســـە، مێشـك بەتــاڵ (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٠)

ئـــــاخ دیسان ڕووپـــەڕێك دڕا
لە ڕۆژ ئەژمێـــــری تەمـــــەنم
ئـــــاخ، دیسان شەو داهــاتەوە
من هــــەروا دوورە وەتـــــەنم (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣١)

ئـــــاخ دیسان چوومە ژێر بـاڵـی
ڕەشی شەوگـــاری تەنیایــــی
ئـــــاخ، دەبێ دیسان بچێـــژم
ژەهـــــراوی تاڵـی جــــودایی (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣١)

هێمن بەدەست خەم و ئازاری دووری و دابڕان لە کەس و کار و خۆشەویستانی خۆی دەناڵێنێت، چونکە هێمن لە دونیای سەرمایەداری نێگەرانە. هەست دەکات دەردو مەینەتییەکانی ئەو لە ئەنجامی سەرمایەداری ئایدۆلۆژیای سەرکوتکردنەوە سەرچاوەی گرتووە (( لە وەها بارودۆخێکدا مرۆڤ بەرانبەر خودی خۆیی و کۆمەڵ و ژینگەکەی تووشی نامۆیی دەبێت)) ( کەریم شەریف قەرەچەتانی: ١٩٩٩: ٥٣).

ئــاخ دیـــسان دەبێ ڕابوێـــرم
لە ژوورێکـی ســــاردو ســــڕدا
دەگــەڵ ئـــازار دەســـتەمـلان بم
تا بەیــــان لە نـــوێنـــی شـڕدا (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣١)

هێمن لە ترسدا دەژی، لەبەر مۆتەکەی شەو دەلەرزی، دادو هاوار دەکا لە دەست دڵی پڕ خەمی خۆی، لە دەست بێ خەوی واوەیلا دەکا. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو نامۆییەوەیە کە ئازادی لی زەوتکردووە ((نامۆیی تاریکی ئەخاتە دڵی مرۆڤەوە. کەسێك خاوەنی زاتی خۆی نەبێ و سەربەستییەکەی لێسەنرابێت، ژیانیشی لەلا بێمانا و بێناوەڕۆکە)) (محەمەد کەمال: ٢٠٠٥: ٦٤).

دەڕۆم، دەتـرســـــــم، دەلــــەرزم
لە پـەلامــاری مـــۆتـــەی شـــەو
داد لە دەس ئەم دڵــەی بەخــەم
وای لە دەس ئەم چاوەی بێ خەو (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣١)

دەڕۆم تا سەر پێکـــــــەوەنـــێم
دەگـــەڵ زام و دەردو ئێـــشـــــم
دەڕۆم تا شەوێـــــــکی پایــــــز
من شەونخوونـــــــــی بکێشـــــم (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣١)

ستەم و زۆرداری نەبۆتە هۆی خامۆشبوونی ژیلەمۆی شیعریی هێمن، بەڵکو ئەو دووری و دابڕانە سەرچاوەی داهێنان و ئافراندنی شیعریی بووە لای ئەو لەبەر ئەوەی (( زۆرێك لەو داهێنەرانە، کاتێ پەرپوە و نامۆ بوون، لە ژینگە نوێیەکەیاندا پتر لە جاران بەهرەیان هەڵکشاوە..هێمن یەکێکە لەوانە، دەتوانم بڵێم ئەو شیعرانەی، کە لە غەریبی، لە ژێر کاریگەری نامۆییدا، لە دیوی عێراق وتوونی ناسکترو بەسۆزترو هەڵکشاوتر و کاملترن)) (محەمەد فەریق حەسەن: ٢٠٠٨: ٤٤). کەواتە هێمن لەو شاعیرانەیە کە غوربەت و نامۆبوون نەوەك هەر نەیانتوانیوە ئیلهامی شیعریی ئەو لاواز بکەن، بەڵکو پاڵنەریکی بەهێزی داهێنان بوونە لای ئەو.

**٢- ڕەشبینی و گەشبینی.**

یەکێك لەو بنەڕەتانەی شیعری ڕۆمانسیەتی لەسەر بونیات نراوە ڕەشبینی و گەشبینی یە، لە ئێوارەی پایزیشدا ئەم دوو دیاردەیە تەواو خۆی دەنوێنی بە تایبەتیش ڕەشبینی دونیای ڕوونی شاعیری تەنیوە، چونکە هێمن گیرۆدەی چەندین دەردە وەك دەردی دووری، ستەم و زۆرداری، چینایەتی (مارف خەزنەدار) لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە بارەی باری سایکۆلۆژی ئێوارەی پایزەوە دەڵێت ((هێمن لەم شیعرەدا ڕەشبینە، ڕۆژگار ناو دەروونی هەڵتەکاندووە لە حەژمەت ئەوەی لە ژێر ئازاری دوژمنان دەتلێتەوە. پاییز لای شاعیر بووە بە بەڵگەی لەناوچوون. لەم شیعرەدا هێمن وێنەی زۆر پیشانی خوێنەر دەدا، وەکو کوندەبوو، بێوەژن، برا کوژراو، خوشك هەتك کراو...هتد. سروشتیش هەمووی هەورەتریشقە و بوومەلەرزە و هەرەس هێنانە، ژنانیش ئەوەی ماون پیشەیان واوەیلا و سنگ کوتانە، لە قوڕ دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیکەن بەسەریانا)) (مارف خەزنەدار: ٢٠١٠: ٤٦٣)، بەڵام لە کۆتایی تێکستە شیعرییەکەدا شاعیر جارێکی دیکە ئەو تارمایی نائومێدی و ڕەشبینییەی دەڕەوێنێتەوە، چونکە لە گومانی لەنێوچووندا چاوی تێڕامان دەبڕێتە ئاسۆ، ئاسۆیەکی ڕوونیش؛ بە پێچەوانەی سەرەتای دەستپێکردنی گوتاری گێڕانەوەی تێکستە شیعریەکەو وێنەگرتنی سەرەتاترین دیمەنی وەرزی پایز، کە باس لە پەڵە هەورێکی ڕەشی چڵکن دەکات و بەری ئاسۆ و ئاسمانی لێ دەتەنێت. واتا ئەگەر لەسەرەتای شیعرەکەوە ئاسۆی بینین و بیرکردنەوەی شاعیر ڕەش و تاریك بێت؛ ئەوا لە دوا چرکەدا ئەم نائومێدبوونە دەگۆڕێت بە ڕوانین لە ئاسۆیەکی دوور، کە ئاسۆیەکی ڕوونە بە تایبەتیش هێنانی ئامرازی نەفیکردنی (نا) دووجار بەدوای یەکتریداو، ئینجا دووجار هێنانەوەی ڕستەی فەرمانی (دوور بنواڕە) کە هەم لە لایەکەوە نەفیکردنە و، هەم لە لایەکی ترەوە بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر ئەنجامدانی ڕوانین لە ئاسۆیەك، کە ئاسۆیەکی ڕوونیشە ((بە شێوەیەکی گشتی و بەربڵاو، لەهەر شیعرێکی لیریکی ڕۆمانسیدا گرژییەکی دەروونی، نا ئارامییەك، بەربەرەکانی و ناکۆکییەك لە نێوان هیوا و ترسدا، خەون و تێکشکاندا، ئارەزوو و ئاستەنگدا، هتد هەیە. گەر ئەو (گرژیە دەروونییە) دەستنیشان بکەین. دەتوانین جەمسەر و سەرەدەزووی تەواوی بیرۆکە و بنکاری زمانیی و هەستی هۆنراوەکە بدۆزینەوە)) (کەمال میراودەلی: ٢٠٠٧: ١٢).

گوتم : ((کەوابوو، ئاشنا
بەشی ئێمە لە نێو چوونە
گوتی : نا، نا، دوور بنوارە
دوور بنوارە..ئاسۆ ڕوونە (ناڵەی جودایی: ١٩٧٩: ٣٦)

جیهانبینی و تێڕامانی شیعریی هێمن و ئاوێتە بوونی بە هەموو ئەو ڕەهەندانەی، کە تێکەڵیان بووە پەرچەکردایکی زهنیان لا دروست کردووە، کە کارکردێکی خوڵقاندن بیهێنێتە بەرهەم، کە لە کۆتاییدا هاوسەنگی یە زهنییەکەی بپارێزی، چونکە دواجار کۆی ڕەهەندەکان دەخاتەوە ژێر دەستی تاکە یەك مۆتیف ئەویش مۆتیفی ڕوانین و سەرنجراگرتنە لە ئاسۆ و لەوێشەوە تێکرایی ڕەهەندەکانی تێکستە شیعرییەکە دەخاتەوە ژێر موتیفی گەشبینی و ژیانەوە و هیواو ئاوات، چونکە هێمن لە کۆتاییدا لەو دونیاو جیهانبینییە تاریك و نوتەکە پاییزییەی، کە ڕەهەندە جیاوازەکان بۆی دروست دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ نێو دونیایەك کە تارمایی ئەو تارییکییەی لا دەڕوێنێتەوە، کە دەلالەتە لە هەموو ئەو مەدلولانەی کە دونیای تێکستە شیعرییەکە پێك دەهێنن. لە هەمان کاتدا ئەو گرژبوون و توڕەییەی کە لە نیوەڕاستی تێکستە شیعرییەکەدا دەیخاتەڕوو دەڕەوێنێتەوە و وەکو مرۆڤێکی هێمن و لەسەرخۆ وێنەی خویمان بۆ دەگرێت، کە لە بەرنبەر ئاسۆیەکی دوورە دەست وەستابی، بەڵام ئەم دوورە دەستییە مانای تەواوی ژیان ببەخشێ ئەویش بەهۆی ڕەوینەوەی ئەو هەورە ڕەش و تارییکییەوەیە کە، خۆی لە خۆیدا دەلالەتی هزری هێمن نیشان دەدات لە ئاست بڕوا بوونی بە کۆتایی هاتنی ئەو ڕەهەندانەی کە وەك بەشێکی ئۆرگانی بەشداری کارایان هەیە لە پێکهاتەو ستڕاکچەری تێکستەکە و هەر خۆشیان لە بنەڕەتدا هۆی ناخ جولاندن و پاڵنەری ڕاستەقینەی جیهانبینی تێکستە شیعرییەکەن.

بە واتایەکی تر هێمن، چونکە شاعیرە بەر لە شاعیر بوونی مرۆڤ دۆستە و بڕوای تەواوی بە ئازادی مرۆڤ و خۆشەویستی سروشت و دادپەروەری و ئەڤین و خۆشەویستی و تێڕامان لە باڵندەو ئەو پەلەوەرانەش هەیە کە، هۆگری مرۆڤن لەسەر مرۆڤ پێویستە ڕێزیان لی بگرێت...تاد. دێت ئەو ڕەهەندانە وەردەگرێت کە، پێچەوانەی ئەو ڕەهەندانەن دەیانکاتە ژێلەمۆی شیعرو چوارچێوەی وێنەگرتنی ئەو تابلۆیانەی، کە وێنەی گرتوون ((بەڵام هێمن سەرەڕای غەریبی و غوربەت و جودایی ئازاری ناخ و تەنیایی زۆربەی کاتی شەوانەو خوان و چۆڵی جێگەی بێ هاودەمی و زۆربەی کات و بێ هاوسەری بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، کە ئەمانە هەمووی دەردی گران و بێ دەرمانن، هیچیان چۆکیان بەو شاعیرە گەوریە دانەداو شیعرێکیان پێ نەنووسی ڕەشبینی پێوە دیار بێ و بۆنی نائومێدی و بێ هیوای لێ بێت)) (عوسمان دەشتی: ٢٠٠٩: ٢١٨). بەڵکو هەمیشە ئەگەر تێکستی ئەو تەژیش بووبن لە بێ هێوایی و نائومێدی، بەڵام لە کۆتاییدا هەمیشە تروسکەی هیواو گزنگی ئومێد خۆی نواندووە و ناخ و دەروونی شاعیریان تەنیوەتەوە.

**ئەنجام : لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین.**

١- هێمن بە سوود وەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی هەردوو ڕێبازی شیعری ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم لە وەسفکردنی سروشتدا؛ توانیویەتی چەندین ڕەهەندی هەمەچەشن و جۆراو جۆر لە نێو تێکستی ئێوارەی پایزدا بەرجەستە بکات و سرۆشتێکی ناتۆڕالیزمی بە تێکستەکە بدات.

٢- ڕەهەندە جیاوازەکانی نێو ئەم تێکستە فەرهەنگێکی زمانی خوڵقاندووە، کە دەلالەتی توانستی دەربڕین و توانای گوزارشتکردن و خەیاڵ فراوانی شاعیر دەردەخات.

٣- هیمن لە ئێوارەی پایزدا وینەی شیعرییەکانی بە کێشی خۆماڵی و بە پێی هەشت برگەیی هۆنیوەتەوە و لە ڕووی شێوەو قاڵبی شیعرییەوە لە شێوەی چوارینە و بە تێکڕایی لە (٣٩) بەند پێکهاتووە و؛ ئەگەرچی تێکڕایی بەندەکان بەسەر یەکەوە وێنە هونەرییەکەی تێکستە شیعرییەکە تەواو دەکەن، بەلاّم هەر بەندێك یان چوارینێکیش بۆ خۆی و بە تەنیا تەواو مانادارەو دەکرێ وەك هەر چوارینەیەکی شیعریی سەربەخۆ بخوێندرێتەوە.

٤- گێڕانەوەی گوتاری شیعریی تێکستی ئێوارەی پایز تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە لە گێڕانەوەی تێکستە شیعرییەکانی دیکەی هێمن؛ چونکە گێڕانەوەیەکی سەرانسەری نییە، واتا گێڕەرەوەی سەرەکی کە خودی شاعیرە سەراسەری گێڕانەوەی گوتارە شیعرییەکە ناگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵکو شاعیر بەشێکی گێڕانەوەی گوتارە شیعریەکە بە کەسێکی دیکە دەسپێرێ و لەسەر زاری کەسێکی دیکە باس لە کۆمەڵێ دیاردە دەکات.

٥- هێمن توانیویەتی زۆر بە باشی وێنەی وەرزی پایز بگرێت، بەجۆرێك،کە تەنها باسکردن نەبێت لە وەرزی پایز، بەڵکو لەگەڵ وێنەگرتنی ئەم وەرزە تایبەتمەندییەکانی تێکەڵ بە چەندین ڕەهەندی جیاواز دەکات وەك دیاردەکانی: چینایەتی، ستەم، سەرمایەداری، بازرگانی کردن بە فرمێسك و خوێنی کەسانی تر، شەرو ئازار و ئەشکەنجە، دیاردەکانی شەڕ، یەکسان نەبوونی ژن و پیاو، وێران بوونی وڵات، پێشنەکەوتن و لە نێوچوونی خوێندن، ئازادی، ئەڤین و خۆشەویستی، نامۆبوون...هتد.

٦- تێکستی شیعریی (ئێوارەی پایز) خودان سایکۆلۆژییەتێکە کە یاری کردنە لە نێو دوو ڕەهەندی سایکۆلۆژی (نامۆبوون و ڕەشبینی و گەشبینی)؛ لە ئێوارەی پایزدا ئەم دوو دیاردەیە تەواو خۆی دەنوێنی بە تایبەتی کە، ڕەشبینی دونیای ڕوونی شاعیری تەنیوە، چونکە هێمن گیرۆدەی چەندین گرفتە وەك دەردی دووری، ستەم و زۆرداری، چینایەتی، بەلاّم لە کۆتایی تێکستە شیعرییەکەدا شاعیر جارێکی دیکە ئەو تارمایی نائومێدی و ڕەشبینییەی دەرەوێنێتەوە.

**سەرچاوە کوردیەکان:**


١- ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالح و گۆران، چا: خانی، چ: ١، دهۆك، ٢٠٠٩.

٢- ئەحمەد ڕەزا، هونەری شیعر نووسین- دەروازەیەك بۆ ناسینی شیعر، ب: ١/ چا: شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣- ئەحمەد محەمەد قادر- کاروان عوسمان، هێمن لە نێو ئەدەبدا، چا: گەنج، چ: ١، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤- ئۆرخانی غالب، نەمری لە ئەدەبدا-ئاوێنەی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێك شاعیر، چاپخانەو ئۆفسێتی ئازاد، چ: ٢، سلێمانی، ١٩٩٩.

٥- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چا: ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٦- پەرێز سابیر، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چا: وەزارەتی پەروەردە، چ: ١، هەولێر، ٢٠٠٦.

٧- تاریق سالح، شەوی یەلدا- ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، چا: ڕۆژهەلات، چ: ١، هەولێر، ٢٠١١.

٨- حەمید عەزیز، فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکی، چا: موکریانی، چ: ١، هەولێر، ٢٠١٠.

٩- راجێر ویبستێر، توێژینەوەی تیۆریی ئەدەبی، و: لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی، چا: وەزارەتی پەروەردە، چ: ١، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٠- ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرەیەکەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

١١- ستاری پیرداود، خوێندنەوەی میتافۆر(کرانەوەیەك بە ڕووی چەند ڕایەڵەکی ڕەخنەیی)، چا:خانی، چ: ٢، دهۆك، ٢٠١٠.

١٢- سابیر بۆکانی، لە نێوان هەست و نەستدا، چا: ڕەنج، چ: ١، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٣- شەریف فەلاح، ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ب: ١، چا: لەریا، چ: ١، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٤- شەریف فەلاح، ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ب: ٢، چا: کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.

١٥- شنۆ محەمەد محموود، ڕۆڵی سوارەی ئێلخانی زادە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چا: چوارچرا، چ: ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٦- عەبدولقادر محەمەد ئەمین، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٧- عەزیز گەردی، کێشناسیی کوردی، کتێبخانەی ئارام، چ: ١، ڕانیە، ٢٠١٤.

١٨- عەزیز گەردی، سەروا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ: ١، هەولێر، ١٩٩٩.

١٩- عوسمان دەشتی، هێمن نامە،چا: ڕۆژهەلات، چ: ١، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢٠- عوسمان دەشتی، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی شیعرەکانی هێمن، چا: تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢١- فواد ڕەشید، دەقی ئەدەبی -ئەدگار. چێژ. بەها- چەند نووسینێکی ڕەخنەیی تیۆری و پراکتیکییە، بلاوکراوەی ئاراس، چ: ١، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢٢- کەمال میراودەلی، هەردی و ڕۆمانسیزمی خود، چا: شەهید (ئازاد هەورامی)، چ: ١، کەرکوك، ٢٠٠٧.

٢٣- کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر- ئیستاتیکا، خانەی چاپ و بلاْوکردنەوەی قانع، چ: ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢٤- کەریم شەریف قەرەچەتانی، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەلاْیەتی، چا: زانکۆی سەلاحەددین، چ: ١، هەولێر، ١٩٩٩.

٢٥- کۆمەلێك نووسەر، خەیالْ ڕۆح- چەند تێڕوانینێك بۆ شیعری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢٦- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب: ٧، چا: ئاراس، چ: ٢، هەولێر، ٢٠١٠.

٢٧- محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی-لێکۆلێنەوە، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوی ئاراس، چ: ١، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢٨- محەمەد حەمە باقی، ئەدەب و مێژوو(چەپکێ لێکۆلێنەوە لە ئەدەب و بەلگەنامەی مێژووی کورد)، چا: موکریانی، چ: ١، هەولێر، ٢٠١٣.

٢٩- محەمەد کەمال، نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیر کردنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ: ١، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣٠- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ: ١، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣١- هێمن لە نێو ئەدەبدا، ئەحمەد محەمەد قادر- کاروان عوسمان، چا: گەنج، چ: ١، ٢٠٠٩.

٣٢- هێمن، نالەی جودایی، چاپخانەی عەلاء بەغدا، ١٩٧٩.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٣٣- انطونیوس بطرس، الادب: تعریفة- انواعة- مذاهبة، المؤسسة الحدیث للکتاب، طرابلس، ٢٠٠٥.

٣٤- طاهر احمد مكي، الشعر العربي المعاصر، دار المعارف، مصر، ١٩٨٠.

٣٥- عبدالرزاق الاصفر، المذاهب الادبية لدى الغرب (دراسة)، منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩.

٣٦- عبدالقادر الرباعى، جماليات المعنى الشعرى، ط: ١، دار الفارس للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٩.

٣٧- عبدالرزاق مسلم الماجد، مذاهب و مفاهم في الفلسفة والاجتماع، منشورات دار الكتب العصرية، بيروت، ٢٠٠٠.

٣٨- كارين هورني، صراعاتنا الباطنية- نظرية بناء عن مرض العصاب، ت: عبدالودو محمود العلي، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٨.

٣٩- محمد العبد حمود، الحداثة في الشعر العربي المعاصر- بيانها ومظاهرها، ط: ١، بيروت، ١٩٦٦.

**گۆڤارەکان:**

٤٠- سمایل عەزەمی، هێمن و داهێنان، گ، مهاباد، ژمارە، ١١٣، مهاباد، ١٣٨٩.

٤١- یاقووب خزری، شێعری هێمن لە ڕوانگەی ڕەوانناسیی پێوەندییەکانەوە، گ، مهاباد، ژمارە: ١١١، سالْی دەیەم، ١٣٨٩.

٤٢- یووسف عوسمان حەمەد، ئەنتی کەسایەتی ((خەسلەتی نامۆبوونی تاك))، گ، ڕامان، ژمارە ٧٣، ١ ی تەمموزی سالْی ٢٠٠٢.

**ملخص البحث**

تعدّ قصيدة (مساء الخريف) للشاعر هيمن موكرياني من النصوص الشعرية التي تمتاز بخصوصيتها وتفردها بين القصائد التي كتبت عن فصل الخريف، وهذه الخصوصية والتفرد نجدها في المذهب الأدبي الذي كتب الشاعر قصيدته في ضوئه، وفي اللغة الشعرية، وطريقة السرد لديه.

أمّا من حيث المضمون فنجدُ أنَّ الشاعر قد سلّط الضوء على عددٍ من الظواهر والأبعاد المختلفة، التي كانت نتيجة امتزاج ما تفردت بها القصيدة مع عدد من الظواهر المختلفة المتمثلة بـ ( الطبقية أو الاختلاف الطبقي، والرأس مالية، والحب وحالة الحب وإحساسه، وسيكولوجيا الذات، والاغتراب، والتشاؤم، والتفاؤل، و...إلخ) .

وفي ضوء ذلك تمَّ تقسيم البحث الموسوم بـ ( المظاهر والأبعاد المختلفة في قصـــــــيدة ( ئيوارةي بايز) للشاعر هيمن موكرياني) إلى فصلين، كان الفصل الأول في: المذهب الأدبي للشاعر، واللغة الشعرية، والعروض والقافية، وتقنية السرد الذي اتبعها الشاعر، أمّا الفصل الثاني فقد خُصِص لدراسة: عتبة العنوان، والتصوير الطبيعي لفصل الخريف، والظواهر المختلفة الموجودة في النص الشعري التي تمثلت في: ( الطبقية أو الاختلاف الطبقي، والرأس مالية، والحب وحالة الحب وإحساسه، وسيكولوجيا الذات، والاغتراب، والتشاؤم، والتفاؤل، و...إلخ ) .

**Abstract**

The poetic text "An Autumn Evening" of Hemni Mukryany has its own features in the world of the poetic texts written about autumn. This feature is realized in the school of the text, poetic language, and manner of narration. In the content, the poet has shed light on some different aspects through depicting the autumn season because the features of this season have been mixed with some different aspects, such as rank -discrimination, capitalism, feeling of love, psychology, nostalgia, optimism, and pessimism.

This study which is entitled (The outline and different aspects of poetic essay in Hemni Mukriany's "An Autumn Evening" consists of two chapters. The first chapter deals with the school of the poem, language, rhyme and rhythm, technical aspects and the manner of narrating the text. In the second chapter, the title, depicting the nature of autumn, ranking, feeling of love, nostalgia, the self, and the psychology of the poetic text have been mentioned.